# چەمکی ئازادی لە هزری لیبڕالیزم دا
# ڕوانگەی (فردریک فۆن هایک) بەنمونە

**جبار اسماعیل احمد**

بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** jabar.ahmed84@gmail.com

## پوختە:

لیبڕالیزم بەوجۆرە لە چەمکی ئازادی دەڕوانێت کە بونیادێکی سەرەکی بنەما هزرییەکەیەتی و بەبێ دەستەبەر و بەرگری لە ئازادی، ئەوا مانایەک بۆ بوون و مانەوەی لیبڕالیش لە ئارادا نییە. بەهۆی فراوانی هزری لیبڕالیزم و جیاوازی بۆچوونی بیرمەندە لیبڕالی و ڕەوتە جیاوازەکان، گرنگیپێدان و ڕوانینیش لە ئازادی جیاوازە، بۆنمونە بەشێک لەبیرمەندان بڕوایان بە دەستێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئازادییە کەسیەکان هەیە بە ئامانجی دەستەبەری دادپەروەری ئابوری و کۆمەڵایەتی و هتد، وەک بیرمەندانی ڕەوتی کۆمەڵی لە هزری لیبڕالیزم، بەڵام بەشێکی تر لەبیرمەندان بڕوایان بە پاراستنی ئازادییەکانی تاک هەیە لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەت و هەرجۆرە دەستێوەردانێک لە ئازادی ڕەتدەکەنەوە، وەک بیرمەندانی ڕەوتی لیبرتاری لە هزری لیبڕالیزم، لەوانە (فریدریک فۆن هایک).

ئەم دوو بۆچونەی لیبڕالیزم لەهەمبەر ئازادی، بە ئازادی پۆزەتیڤ(کاتێک دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئازادییەکان ئامادەیە)، و ئازادی نێگەتیڤ(ئەو ئازادییەی لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەت پارێزراوە)، گوزارشت دەکرێن. (هایک) ئازادی پۆزەتیڤ ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە هەرجۆرە دەستێوەردانێک لە ئازادی و ئابوری و موڵکایەتی تاک و ئاڵوێر و بازاڕ، دەبێتە هۆکاری نەمانی دڵنیایی و ئارامی تاکەکان لەلایەک و دروستبونی دەسەڵاتێکی ستەمگەر و دەستێوەردەر و دیکتاتۆری دەوڵەتیی لەلایەکی تر، کە ئەم دۆخەش دەبێتە هۆکار و ڕێگای ڕۆیشتنی تاکەکان و سیستەمی ژیان ڕووەو کۆیلایەتی.

**کلیلە ووشەکان:** ئازادی، هایک، لیبڕالیزم، لیبرتاریزم.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## پێشەکی:

پرســـــی ئازادی یاخود کێشـــــەی ئازادی وێڕای ئەوەی بنەمایەکی جەوهەری و بونیادیی ژیانی مرۆڤە و کاریگەری تەواوی لەســــەر مانا و دەلالەتەکانی بوونی مرۆڤ و بەختەوەری و تواناکانی داهێنان و دەســــتەبەری خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای مرۆیی هەیە، هاوکات بابەتێکیشە بۆ شرۆڤەی فیکر فەلسەفە و ئایدۆلۆژیاکان و ڕۆڵ و ئەرکی دەوڵەت و ســـنوری کارەکانی و پەیوەندییەکانی بە ژیانی تایبەتی تاکەکان و هاوکات پەیوەندییەکانی بازاڕ و ئابوری و ئازادی خاوەنداری و ئاڵوگۆڕی ئابوری نێوان تاکەکان.

لەو ســاتەوەی ســوقرات وتی ئەی مرۆڤ خۆت بناسە(جبار، ٢٠٢١)، ئیتر ئازادی بوو بە پرســی فەلســەفە و تێهزرین، و بیرمەندان و فەیلەســوفان کەوتنە ســۆراغی ماهیەت و چییەتی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، و تێگەیشــتن لە ســـروشـــت و شـــێوازەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و ڕەوتی گەشـــەی ژیان، و کاریگەری لەســـەر ئازادی. هەروەها توێژینەوە لە پرســـە تایبەتییەکانی تاک و پێکەوە گونجان و ڕێکخســـتنی ژیان و ســـەرهەڵدانی دامەزراوەکان، و شرۆڤە کردنی شێوازی دروستبوونی دەوڵەت و ئەرک و وەزیفە و سنوری دەسەلاتی دەوڵەت، و پێویستی بوونی و کەموکورتیەکانی و دەیان ڕەوت و ڕوانگەی تری پەیوەست بە ئازادی تاک و کۆمەڵگا.

هزری لیبرالی کە بنەمای فەلســـەفەکەی لەســـەر باوەڕی بەرفراوانکردن و پاراســـتنی ئازادییەکانی تاک دامەزراوە، هەمیشــە بیرمەند و فەیلەســوفانی لیبڕال جەختیان لەســەر ڕێگا و دەروازەکانی گەشــەپێدانی ئازادی کردووەتەوە و زۆرینەی توێژینەوە و ئارگۆمێنتســازی فەلســەفەکانیان بەو ئاڕاســتەی دەســتەبەر و پارێزگاری لە ئـازادی تـاکـدا وەرچەرخـاوە. گرنگترین دەرەچەی فراوانکردن و هەڵوەســـتە لەهەمبەر ئـازادی، وەک لە هزری فەیلەسوفی لیبڕال – لیبرتاری نەمساوی (فردریک فۆن هایک) هەڵوەستەی لەسەر کراوە بریتییە لە ئازادی بازاڕ و ئابوری و ئاڵوێر، هاوکات کەمکردنەوەی دەســتێوەردانی دەوڵەت لە بازاڕ و کاروباری تاکەکان تا کەمترین ئاســت و مەودای لە توانادابوو.

هـایک وەک بیرمەندێکی لیبڕاڵ پارێزگار بەشـــێکی زۆری دیدگاکانی بۆ پرســـی ئازادی وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی لیبڕالیزم، تەرخانکردووە. لەڕوانگەی هایکەوە پرســـی ئازادی و تاکگەرایی و بازاڕ و ئاڵوێر پرســـێکی خۆکردانەی دوور لەدەســـتێوەردانن و ســـروشـــتەکەیان ئەوە دەخوازێت کە دەوڵەت نەچێتە دۆخی دەستکاریکردنیانەوە. بۆیە باوەڕی هایک وەک لەم توێژینەوەیەدا دەیخەینەڕوو بەوجۆرەیە کە دەستێوەردانەکانی دەوڵەت لە ئازادییەکانی تاک و ئازادی بازاڕ، کاریگەری نەرێنی بەجێدەهێڵێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## بایەخی توێژینەوە

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێک دا دەردەکەوێت، کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

- پرسی ئازادی پرسێکە پەیوەستە بە ماهییەتی مرۆڤایەتی و بەهاکان لە کۆمەڵگادا، بۆ خوێنەر گرنگە کە ڕەهەندە جۆرییەکانی ئەو پرسە شارەزابێت و روئیاجیاوازەکان لەهەمبەر ئازادە بناسێت.
- گەشەی جیهان بەرەو لیبڕالیزمی سەرمایەداری کە بنەماکەی لەسەر ئازادی ئابوری بیناکراوە، ئەوا بایەخی ئەم توێژینەوەیە کە لەسەر هەمان ئاریشە هەڵوەستەی کردووە، دەردەخات.
- ڕەوت و هزرە هاوچەرخەکانی لیبڕالیزم و بۆچونەکانیان دەربارەی ئازادی و کاریگەرییان لە دونیای سیاسەتی نوێ دا، و بۆچونەکانی (هایک) وەک بیرمەندێکی لیبرتاری لیبڕالی هاوچەرخ بۆ خوێنەری ئێمە گرنگە.
- کەمی نوسین و توێژینەوەی ئاکادیمی کوردی زمان دەربارەی هزری لیبرتاریانیزم و دیدگاکانی (هایک) لایەنێکی تری بایەخ و گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە بەندە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لە خوارەوە خراوەنەتە ڕوو، لە ڕێگەی شرۆڤەکردن و دەرخستنی پرسی ئازادی لە هزری هزرمەندانی لیبڕالی دا، هەروەها جیاکردنەوەی ئازادی پۆزەتیڤ و نگەتیڤ، و شیکاری ئازادی ئیرادەی تاک و بازاڕ و موڵکایەتی و ڕۆڵ و ئەرکی دەوڵەت و کۆمەڵگا لە پرسی ئازادی دا، هەروەها شرۆڤەی دیدگاکانی (هایک) بۆ ئازادی و ڕەخنەی (هایک) دەربارەی ئەو باوەڕانەی دەمانبەن بەرەو کۆیلایەتی، گرنگترین پرسیارەکانیش بریتین لە:

- ڕوانگە هزرییەکان تاچەند توانیویانە بنەماکانی ئازادی وەک دەرفەتی مامەڵەییانەی ژیان بۆ تاک دەستەبەر بکەن؟
- ڕۆڵی هزری لیبڕالی لە چەسپاندن و فراوانکردنی ئازادی چی بووە، یاخود ئازادی لە ڕوانگەی هزری لیبڕالیەوە چی دەلالەت و ماهیەتێک بە خود و ڕەفتاری تاک دەبەخشێت؟
- دیدی لبرتاریەت بۆ دەستێوەردان یاخود دەستێوەرنەدانی دەوڵەت لە بازاڕ و ئازادی تاک چییە و چۆنە.
- بەشداری هزری (هایک) لە بەخشینی مانای جیاواز بە ئازادی و پرسی خۆکردی بازاڕ و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەت، چۆنە و تاچەند لەگەڵ ناوەڕۆکی چەمکی ئازادی وەک جەوهەری بەخشینی خۆشبەختی بە مرۆڤایەتی هاوتا و گونجاوە؟


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## گریمانەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لەو گریمانەیە بكۆڵێتەوە كە ئازادی وەک بنەمایەک بۆ دەستەبەری بەها و بەختەوەری مرۆیی پێویستە لەدەرەوەی دەسەلات و دەستێوەردانی دەوڵەت بێت، هەروەها دیدگا هزرییەكانی بیرمەندانی لیبڕال – لیبرتار دەخوازن ئەو فۆرمەی ئازادی كە دووربێت لەدەستیوەردانی دەوڵەت وەک چەشنی گونجاوی ئازادی گوزارشت بكەن ، ئەمەش لەپێناو خزمەت بە خودی ئازادی، وەک ئەوەی (هایک) دەربارەی دواوە، ئەمەش بنەمای پێشكەوتنی ژیان و پارێزەری شكۆی تاكی ئازاد و لیبراڵە.

## میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا و لەپێناو شیكردنەوەی ووردی چەمكی ئازادی، میتۆدی (شیكردنەوەی دەق)مان بە بنەما وەرگرتووە بۆ شیكردنەوەی دەقی نوسراو و بۆچوونی بیرمەندان لە مەڕ چەمكەكە چی بیرمەندانی لیبڕال یاخود گوتەكانی ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانەی بەجۆرێک لە جۆرەكان كۆمەكیان بەتوێژینەوەكەمان كردووە، هەروەها میتۆدی (وەسفی)مان بەكارهێناوە بۆ وەسفكردن و ناسینی دیدگا جیاوازەكانی پەیوەست بە چەمكی ئازادی، هەروەها هەوڵمانداوە بە بنكۆڵی هزری هزرمەندان لە مێژوویەكی ڕابردووە و بۆئەمەش بە بەكارهێنانی ئامرازەكان ئاركیۆلۆژیای هزری كارەكەمان بە ئاكام گەیاندووە، چونكە هەر هزرێک لەكات و شوێنێكی دیاریكراو هاتووەتە بوون، و بۆ تێگیشتنی پێویستە بۆچونەكە لە تێگەیشتن لەو شوێنكاتەوە شرۆڤەبكرێت.

## پەیكەربەندی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پێكدێت لە پێشەكی و دوو باس و دەرئەنجام، باسی یەكەم تایبەتە بە چوارچیوەی گشتی چەمكی ئازادی و روانگەی هزری لیبڕالی بۆ چەمكەكە، ئەم باسە بەسەر پێنج تەوەرەدا دابەشكراوە، لە تەوەرەی یەكەم دا بەشێوەیەكی گشتی دەربارەی چەمكەكە و ڕیشەی زمانەوانی و پیناسە و ماناجیاوازەكانی ئازادی دواوین، لە تەوەرەی دووەم دا هزری هزرمەندانی لیبڕالیمان لە ڕابردووی ئەو ڕەوتەدا خستووەتە ڕوو كە تیایدا گەڕاوینەتەوە بۆ بیرمەندانی گرێبەستی كۆمەلایەتی و بیرمەندانی نوێی لیبڕالی، لە تەوەرەی سێیەمی ئەم بەشە ئازادی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤمان جیا و شیكردووەتەوە، كە تیایدا هزری بیرمەندان (تۆماس هێل گرین) و (ئایزیا بەرلین) بۆ ئەم جیاكارییە وەرگیراوە، بەو پێیەی دوو هزرمەندی لیبڕالین و لە نوسینەكانیان دا جەختیان لەم دابەشكارییە كردووەتەوە و سەر بە دوو سەردەمی مێژوویی جیاوازی لیبڕالیزمن، لە چوارەم تەوەرەش دا لەسەر ئازادی تاک وەستاوین و بنەمای تاكگەرایی لیبڕالیمان شیكردووەتەوە، كۆتا تەوەرەش تەرخانە بۆ ئیرادەی ئازاد


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

و ڕوانگەی بیرمەندانی مەسـیحی دەربارەی ڕەتکردنەوەی ئیرادەی ئازادمان خسـتووەتە ڕوو وەکو لایەنی دژ و نەیار.

باسی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە خستنەڕووی هزری (هایک) دەربارەی چەمکی ئازادی، لەم باسەدا و لە سێ تەوەرەدا هزری (هایک)مان بۆ ئازادی خستووەتە ڕوو، لە تەوەرەی یەکەم دا ئیشکالیەتی نێوان ئازادی و دادپەروەری شیکراوەتەوە، لە تەوەرەی دووەم دا هزری (هایک) بۆ ئازادی نێگەتیڤ و پرۆسەی خۆکردی کۆمەڵگا شـرۆڤە کراوە، لە دواتەوەرەی کۆتا باسـی توێژینەوەکەماندا باسـی ئازادی ئابوری و ئازادی کارومولکایەتیمان کردووە کە (هایک) وەکو بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی لیبرالیزم دەیبینێت.

## باسی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی چەمکی ئازادی و

## ڕوانگەی هزری لیبرالی بۆ چەمکەکە

چەمکی ئازادی ویڕای بەرفراوانی مانا و ئاماژەکانی کە هەڵگری وێناکردن و گوزارشـتی جیاوازە، هاوکات تێڕوانین لە چەمکەکە بەپێی جۆراوجۆری پارادایم و دونیابینییە هەمە چەشـنەکان دەگۆڕێت و ڕەهەندی هەمەجۆر وەردەگرێت و دەلالەتی جیاواز لەخۆدەگرێت.

ڕوانگەی لیبرالیزم بەهۆی فرەیی لە بۆچوونی بیرمەندانیدا و فراوانبوونی ئایدیا لیبرالییەکان و دابەشبوونیان لەناو قوتابخانە و ئاڕاستە جیاوازەکان، شوناسی جیاوازی بە چەمکەکە بە خشیوە، بەجۆرێک کە هەندێک بۆچونی بیرمەندانی لیبرال دەربارەی ئازادی بە ئەسـتەم دەتوانین لەناو هزری لیبرالیدا جێگەیان بکەینەوە و وەک بەشـێک لە ڕوانگەی لیبرالی ئـامـاژەیـان پێبدەین، بۆ ڕوونترکردنەوەی چوارچێوەی گشـتی چەمکی ئـازادی و بۆچونی لیبرالیزم لەو بارەوە، ئەم باسـە لە پێنج تەوەرەدا تەرخان دەکەین بۆ شـرۆڤەی ئازادی و ڕوانگەی هزری لیبرالی بۆ ئازادی.

### تەوەرەی یەکەم: دەربارەی چەمکی ئازادی

ویسـتی فەلسـەفە لە جیهانی هاوچەرخ دا بریتییە لە چارەسـەری کشـەکانی مرۆڤ و گەیاندنی بە کەناری ئارامیی، هەربۆیە یەکێک لە گرفتە سـەرەکییەکانی هزر بریتییە لە پرسـی ئازادی وەک پرسـێکی پەیوەسـت بە بەختەوەری مرۆیی. بەو پێیەی زۆرینەی سـیسـتەمەهزرییەکان لە هەناوی فەلسـەفەوە هاتوون کە بنەماکەی داواکردن و پاراسـتن و فراوانکردنی ئازادییە(عبد الامیر، ٢٠٠٩، ص٥٨)، بەشـێکی زۆری بنەما هزرییەکان جەخت

لەسەر ئازادی دەکەنەوە، بەڵام گرفتی سەرەکی چەمکی ئازادی بریتییە لە فراوانی مانا و دەلالەتەکانی چەمکەکە، بەجۆرێک هەندێکجار لە مانای دژبەیەکدا وەسفی ئازادی دەکرێت، چونکە پرسی ئازادی تەنیا پرسی سیستەمی سیاسی و حکومڕانی نییە کە پێمانوابێت پەیوەستە بە دیموکراسیەت و دیکتاتۆریەتەوە، یاخود پەیوەست بێت بە سیستەمی دەسەڵاتی پاشایەتی یان پەرلەمانییەوە.

هەروەها تەنیا یاسا تایبەتەکانی بەندکردن و ئازادکردن نییە، و کورتیش نابێتەوە تەنیا لە ئەحکامی عورفی و یاساکانی باری نائاسایی و دەزگاکانی سیخوڕی و ئاسایش، بەندیخانە و زیندان، تەزویرات و فێڵی هەڵبژاردن، ژیانی تایبەتی تاک و کاری پارتایەتی و فرەیی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و ...هتد، بەڵکو پرسی ئازادی هەموو ئەوانە و زیاتر لەوانەشە. ئازادی لە قوڵایی هۆشیاری تاک و کەلتور و بونیادی هزری تاک و کۆمەڵدایە(حسن، ٢٠٠٩، ص١٧٦).

ئەگەر چاوێک بە فەرهەنگەکانی بواری فەلسەفەدا بگێڕین ئەوا دەبینین کە چەمکی ئازادی بێشومار واتا دەگرێتە خۆ، بەجۆرێک کە پەسەندکردنی لە چوارچێوەی پێناسە و شوناسپێدانێکدا ئەستەم دەبێت و ناتوانین پێناسەیەکی دیاریکراو هەڵبژێرین و بیکەین بە پێناسەیەکی گشتی و بۆ گشت شێوە و فۆرمەکانی ئازادی بە دروست و شیاوی دابنێین، بۆنمونە لە فەرهەنگی (لالاند)دا زیاتر لە شەش مانا دەدرێتە پاڵ ئازادی، و واتا سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکەی لێکدەداتەوە و دواتر ئاماژە بە لایەنی دەروونی و ئاکارییەکەشی دەدات، هەروەها چەندین ڕووی تری ڕوون دەکاتەوە کە پەیوەستن بە زانست و میتافیزیکا و ...هتد(زکریا، ١٩٦٣، ص ص١٨-١٩).

ئازادی ئەگەر وەک ووشە وەریبگرین ئەوا بنەماکەی لە زمانی فەرەنسیدا ووشەی (liberte)یە، و لە زمانی ئەڵمانیدا بە (freibeit)هاتووە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لە ووشەکانی (-libertyالاستقلال-سەربەخۆ)و(-freedomالحرية-ئازادی)ەوە هاتووە، ئەم دوو ووشەیە لە ناوەڕۆک دا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بۆنمونە ئازادی لەمانای (liberty)دا بە واتای مومارەسەی ئیجابی و ئەرێنی دەسەڵاتە، واتا دەسەڵاتی گونجاو و پۆزەتیڤ. هەروەها ئازادی لەمانای (freedom)بەواتای دڵنیابوون لە نەبوونی گوشار و توندوتیژی(القهر و الضغط) کە بە (ئازادبوون لە ترس)یش ناودێر دەکرێت. ووشەی یەکەم (liberty) زیاتر لە چوارچێوەی یاسایی و دیبلۆماسیدا بەکاردێت، بەڵام ووشەی دووەم(freedom) لە بواری فەلسەفی و چوارچێوە گشتییەکاندا بەکاردێت(بولر، ١٩٧٨، ص٢). ئەم فرە ڕەهەندییەش پێمان دەڵێت کە ئازادی لە بنەمادا حاڵەتێک نییە، بەڵکو کردار(act)ە، واتا ئازادی لە کردار و هەڵسوکەوتدا کاتێک شتێک ئاڕاستە ئەکات لە ئەگەری بوونەوە بۆ حەتمیەتی بوون یاخود بۆ خودی بوون، دەرئەکەوێت(زکریا، ١٩٦٣، ص٣٠).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

بیرمەندی عەرەب (حسن حنفی) لەڕوانگەی زمانەوانییەوە باس لە ئازادی دەکات و پێیوایە ڕوانگەی خەڵک و دیدگا فەلسـەفییەکان لەلایەنی زمانەوانییەوە بۆ مامەڵەکردنی ئازادی بابەتێکی جەوهەری جێگیرە، کردەی ئازادانە واتا هەوڵ بۆئەوەی ئازادی لە ئەگەرەوە بکرێت بە واقیع، هەروەها پێیوایە کە ئازادی واتا ئازادبوونی مرۆڤ لەسەرجەم بەند و بارە دەرەکی و ناوخۆییەکان(حسن، ٢٠٠٩، ص٢٨).

بەهای ئازادی بەهایەک نییە تەنیا تایبەت بە هزری لیبڕالیزم، بەڵکو دەیان هزر و ئایدۆلۆژیای تریش هەن کە لە تیۆرەکانیان دا پشت بە ئازادی دەبەستن، بەڵام ئەوەی ئازادی لیبڕالیزم لە ڕوانگە جیاوازەکانی تری ئازادی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لەڕوانگەی لیبڕالیەوە ئازادی ئامرازێک و هۆکارێک نییە بۆ گەیشـتن بە ئامانجێکی بەرزتر و بالاتر، بەڵکو ئازادی خۆی لەخۆیدا بەرزترین ئامانجی سـیاسـییە کە لیبڕالیزم دەیەوێت پێی بگات یاخود دەستەبەری بکات(کەمال، ٢٠٠٥، ل١٣١)، بۆیە دەتوانین بڵێین ئازادی تاکە ئامانجیشە کە دەبێتە بنەمای ئامانجەکانی تری گەشـەی ژیانی مرۆیی، بۆیە ئامانجی لیبڕالیزم لە بەدیهێنانی ئازادی بەجۆرێکە کە ئازادی بە ڕەهەندە جۆرییەکانیەوە هۆکاری دەسـتەبەری ئامانجەکانی تریشـە لە هەمان کاتدا، لەدیارترین ئە ئامانجانەش بەختەوەری و دادپەروەری و گەشەی ژیان و ئابورییە.

## تەوەرەی دووەم: ئازادی لە هزری لیبڕالیزم دا

ئازادی یەکێکە لە بنەما سـەرەکییەکانی هزری لیبڕالیزم، گرنگی ئازادی بۆ لیبڕالیزم بەجۆرێکە کە ڕایەڵی سـەرەکی فەلسـەفەکەی دیاری دەکات و بەبێ ئازادی بوونی لیبڕالیزمیش مانای خۆی لەدەسـت دەدات. لیبڕالیزم بەوجۆرە پێناسـەی ئازادی دەکات کە پرەنسـیپ و بنەما، نیاز و ئامانج، بنەڕەت و دەرئەنجامە لە ژیانی مرۆڤدا، و لیبڕالیزم تاکە چوارچێوەی هزریە کە پابەندی بەشـتەکانەوە لەسـەر بنەمای وەسفکردنیەتی بەوجۆرەی پەیوەسـتە بە چالاکی ئازادانەی مرۆڤەوە، و شیکار و دیاریکردنی ئاڕاستە و سەرنجەکان دەربارەی ئازادی بنەمای لیبڕالیزم پێکدەهێنێت(عبدالله، ١٩٩٣، ص٣٩). ئازادی وەک بەرزترین بەهای مرۆیی و بالاترین بونیاد و ڕەکیزەی لیبڕالیزم ئامرازێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆیلایەتی و دەسـتەبەری سـەربەخۆیی مرۆیی. لەم سـۆنگەیەوە ڕوانگەی فەلسـەفەی ئازادی پەیوەسـتییەکی گرنگی بە دیدگاکانی هزرمەندانی لیبڕالی گرێبەندی کۆمەڵایەتی(تۆماس هۆبز، جۆن لۆک، جان جاک ڕۆسـۆ)ەوە هەیە. (هۆبز و ڕۆسـۆ) بەوجۆرە لە مرۆڤیان ڕوانیوە کە بەسـروشـتی خۆی خۆپەرستە و خۆی خۆشدەوێت و حەز بە چێژ و خۆشی دەکات بۆ گەیشتن بەو چێژ و خۆشیەش ئەوا (ئازادی) دەرفەت لەبەردەم مرۆڤەکاندا دەکاتەوە و هاوکار دەبێت بۆ گەیشـتن بە تێرکردنی ئارەزووەکان و بەدەسـتهێنانی چێژی خودیی(ستانلی، ٢٠١٢، ص١١). (لۆک)یش ئازادی وەک بنەمایەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤ دەبینێت و جەخت لەسـەر سێ مافی بنەڕتی و سـەرەکی مرۆڤ دەکاتەوە کەئەوانیش مافی ژیان و موڵکداری و ئازادییە(خالد، ٢٠٠٦، ص١٧)، و ئازادی هاوکات بنەمای دوو مافەکەی تریشـە، چونکە هەم ژیان و هەمیش موڵکایەتی تایبەت بەبێ



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

بوونی ئازادی، مانایەک بۆ بوونیان نامێنێتەوە، چونکە ئەم سـێ بنەمایە ئامرازی بنچینەیی بنبڕکردن و کۆتایی پێهێنانی کۆیلایەتین.

نوسـەر و ئابوری ناسی ئەمریکی(فریدریک دۆجلاس) باوەڕی وایە کە ئازادی لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی کۆیلایەتی و جیاوازی ڕەگەزییەوە بەدەسـت دێت، (دۆجلاس) نەک هەر لەڕوانگەی هزرییەوە بەڵکو لە مەیدانی کردەییش دا هەوڵی دەسـتەبەرکردنی باوەڕەکانی بە ئازادی داوە، و تێکۆشـانی کرد بۆ ئازادی ڕەشـپێسـتەکان و بەشـداری ئافرەت لە کایەی سـیاسـی و پرۆسـەی هەڵبژاردنەکان و بنبڕکردنی بە بەندەکردن و بە کۆیلەکردنی مرۆڤ، (دۆجلاس) کۆیلایەتی وەک پرۆسـەیەکی وەحشـیانەی بەرجەسـتە لە کۆمەڵگادا دەبینی(بولر، ١٩٧٨، ص١٢٩).

بیرمەنـدی لیبرالّی بەڕەگەز ئینگلیز(جۆن سـتیوارت میـل) کە وەک بیرمەنـدێکی ڕەوتی لیبڕالیزمی نوێ دادەندرێت، لەبارەی ئازادییەوە پێیوایە دەبێت مرۆڤ ئازادبێت و بوونی هەرجۆرە کۆتوبەندکردنێکی مرۆڤیش وەکو بەڵایەکی گەورە دەبینێت(موسـا، ٢٠١٠، ل٢٩٣). (میل) لە کتێبەکەیدا (لەبارەی ئازادیەوە) چەمکی ئازادی و ڕوانگەی لیبڕالیزم بۆ ئەم چەمکە لە چەندین ڕەهەند و لایەنی جیاوازەوە شرۆڤە دەکات و دەردەبڕێت. سەرەتاکانی کتێبەکە بەو دەربڕینانە دەسـتپێدەکات (ململانێی نێوان ئازادی تاکەکەس و دەسـەڵاتی دەوڵەت بەرچاوترین خاسـیەتی مێژووی مرۆڤە)(mill, 2001, p6)، هەربۆیە بەشـی زۆری کتێبەکە هەڵوەسـتەکردنە لەسـەر پەیوەندییەکانی نێوان ئازادی تاک و دەسـەڵاتی دەوڵەت و دەسـتێوەردانەکانی دەوڵەت لە ژیان و ئازادییە مەدەنییەکان، (میل) دەسـتێوەردانی هەموو جۆرە دەسـەڵاتێک لە ئازادییەکانی تاک ڕەتدەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر دەسـەڵاتی دەوڵەت یاخود هەرجۆرە دەسـەڵاتێکی تربێت، تەنیا لەکاتی پێویسـتدا دەسـتێوەردان قبوڵدەکات، مەبەسـتیش لەکاتی پێویسـت ئەوکاتەیە کە ئەو دەسـتێوەردانە لە خزمەت و بەرژەوەندی خودی ئازادییەکە بێت، وەک دەڵێت: نابێت ئازادی تاک ملکەچبکرێت بۆ هیچ جۆرە کۆنترۆڵکردن و ناچارکردنێک، تەنها لەو ڕەفتارانەدا نەبێت کە تێکەڵاوی کاروباری ئەوانی تر دەبێت، ئەگەر کاری مرۆڤێک زیان و زەرەری لەخەڵک دا، بێشـک شـایستەی سـزایە، جا بە حوکمی یاسـابێت، یان لەو شـوێنەدا کە دەسـتێوەردانی یاسـا نییە، بەحوکمی ڕای گشـتی بێت(mill, 2001, p12). ئەم دیدگایەی (میل) دەرخەری ئەو ڕاسـتییەیە کە ئازادی و دەسـەڵات لە بەریەککەوتنی بەردەوامدان وەک ئەوەی نوسـەری ئەمریکی (جون هولت) دەڵێت: ئەگەر لە ئازادی تێنەگەین، لە دەسـەڵاتیش تێناگەین (هولت، ١٩٧٢، ص١٥)، چونکە هەمیشـە دەسـەڵات هەوڵی دەسـتێوەردان لە ئازادییەکان دەدات بەپاساوی پاراستنی ئازادییەکان، بەڵام لە بنەمادا بەئامانجی کەمکردنەوەی ئازادییەکانە.

هەندێک لەبیرمەندانی لیبڕالی هەرجۆرە دەسـتێوەردانێکی دەسـەڵات لە ئازادی ڕتدەکەنەوە تەنانەت ئەگەر بەناوی پاراسـتنی ئازادیشـەوە بێت، و باوەڕیان بەهیچ جۆرە دەسـتێوەردانێکی دەوڵەت نییە لە ئازادییە مرۆییەکان



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021**

و بەتایبەت ئازادی بازاڕ و ئابوری و ئاڵوێر. دیارترین بیرمەندیش کە هەڵگری ئەم دیدگای ڕەتکردنەوەی دەستێوەردانە لە ئازادییەکان، بیرمەند و پسپۆری بواری ئابوری (فردریک فۆن هایک)ە، (هایک) وەک بیرمەندێکی لیبراڵ لیبرتار ڕایوایە هەر هەوڵێک بۆئەوەی ئازادی بخرێتە چوارچێوەیەکی پلان و ڕێکخستنەوە، ئەوا کۆیلایەتی لێئەکەوێتەوە(عبدالرضا و اخرون، بدون سنة الطبع، ص٢٦)، بۆیە بەڕای ئەو بۆ دووربوون لە سیستەمی کۆیلایەتی پێویستە ئازادی لە هەرجۆرە دەستێوەردانێک بپارێزرێت.

## تەوەرەی سێیەم: ئازادی پۆزەتیڤ و ئازادی نێگەتیڤ

بۆچونی جیاوازی بیرمەندانی لیبراڵی لەهەمبەر پرسی ئازادی وایکردووە بەشێک لەبیرمەندان دووجۆر لە ئازادی دەستنیشان بکەن، ئەم دەستنیشانکردنە لە دیدگاکانی (تۆماس هێل گرین)ی بیرمەندی لیراڵ دا دەرئەکەوێت، کاتێک باس لە ئازادی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لەپەیوەست بە دەستێوەردانی دەوڵەت دەکات(موسا، ٢٠١٠، ل٢٥٨)، هەروەها لە هزری لیبراڵی نوێشدا لای (ئایزیا بەرلین) ئەو دابەشکارییە یاخود جیاوازییە لەنێوان ئازادی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دا دەردەکەوێت، بەڵام (بەرلین) پێیوایە هەردوو چەمکەکە ڕیشەیەکی هاوبەشیان هەیە ، "چەمکی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی ئازادی بەو واتایەی من بەکاری دێنم جیاوازییەکی لۆژیکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە"(حسێن، ٢٠١٣، ل١٣٠)، کە مەبەستی بەرلین بریتییە لەهاومانایی فۆرمی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی ئازادی. وێڕای هاوڕیشەییان بەڵام لە واقیعی حاڵ دا جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرەی ئازادی لای (بەرلین) ڕوونتر دەبێتەوە، ئازادی نێگەتیڤ هەمان ئەو ڕوانگەیە بۆ ئازادی کە لە کتێبە کلاسیکییە ئینگلیزییەکاندا دەربارەی ئازادی هەیە، کە پێیانوایە ئازادی تا ئەو ئاست و مەودایەیە کە هیچ دەستێوەردانێک لەلایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە نییە لە کاروبارەکاندا، بەڵام ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای بوونی یاخود دروستکردنی مرۆڤێک کە خۆی بەرپرس و چاودێری خودی خۆی بکات و خۆی گەورەی خۆی بێت(دی تانسی، ٢٠١٣، ص١٢٣)، ئەمەش کاتێک دەستەبەر دەبێت کە مرۆڤ بە پرۆسەیەکی چاودێری دەرەخۆیدا گوزەری کردبێت و ئازادییەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر چاودێریدا بووبێت تاوەکو دەگات بەو هەستەی کە ئازادییەکەی بێسنور نییە، بەڵکو سنوردار و لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودایە و چاودێری دەکرێت، دواتریش ئەم چاودێرییە دەرەکییە بەتێپەڕینی کات لەناو دەروون و زیهنی تاکەکەدا جێگیر دەبێت و دەبێتە چاودێرییەکی ناوەکی ناو خودی مرۆڤەکە.

ئازادی نێگەتیڤ واتا هەبوونی هەلومەرجێک کە تیایدا تاک ناچار و پابەند نییە و لەژێر قشاردا نییە و دەست لەکارەکانی وەرنادرێت و دەوڵەت تەنیا پارێزگاری لە ئازادییەکان دەکات، ئەمەش لەو ئەگەرەوەیە کە مرۆڤ ئازادییەکانی بەشێوەیەکی ئەرێنی و سودمەندانە و بەشێوەی ڕەشیدانە بەکاردەهێنێت بەبێ ئەوەی پێویستی بە چاودێر و سەرپەرشتیکار هەبێت(عبدالرحیم، ٢٠٠٩، ص١٢٩). ئەم تێگەیشتنەی ئازادی واتا نەبوونی ڕێگر و بەربەست لەبەردەم ئەنجامدانی کاردا، لای (هۆبز) بەواتای نەبوونی بەربەستە دەرەکیەکان لەبەردەم تاکدا بەکاری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دەبرێت و لای (بەرلین) بەواتای بوارێکدێت کە تیایدا تاک دەتوانێت بەبێ دروستکردنی بەربەست لەلایەن ئەوانی ترەوە کاربکات(کەمال، ٢٠٠٥، لا١١٤)، هەروەها (بەرلین) لە پێناسەی ئازادی نێگەتیڤدا دەڵێت: بەجۆرێک ئازادبم کە هیچ مرۆڤێک کەمترین دەستێوەردان لە کارەکانمدا نەکات(دی تانسی، ٢٠١٣، ص١٢٣). لەم پێناسەیەی (بەرلین)ەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئازادی نێگەتیڤ دوو ڕەهەند یاخود دوو لایەنی هەیە، ئەوانیش: یەکەم لایەن بریتییە لەوەی کە مرۆڤ ئازادبێت لە هەڵبژاردنی بەدیلەکانی بەردەستی و لەئەنجامدانی ئەو کارەی کە دەیخوازێت و چێژ و ســـودی لێدەبینێت بەبێ ئەوەی هیچ کەس و دەزگا و لایەنێک ڕێگری لێبکات و ئازادی کردن و هەڵبژاردنی لێ قەدەغەبکات یان بەرتەســـک بکاتەوە. مانا و ڕەهەندی دووەمی ئازادی نێگەتیڤ ئەوەیە کە تاک ناچار نەکرێت بەکردنی کارێک کەخواستی لەسەرنییە، تاک لەژێر هیچ گوشارێکی مادی یان دەروونی یان سیاسی و یاسایی دا ناچار بە هەڵبژاردنی بەدیلێک یان ئەنجامدانی ئەرکێک نەکرێت بەبێ ڕەزامەندی و خواســـتی ئازادانەی خۆی یان لەژێر دۆخی ناچاریدا(توفیق، ٢٠٠٧، ص١٠١).

بەپێچەوانەی ئازادی نێگەتیڤەوە، مەبەســـت لە ئازادی پۆزەتیڤ ئەوەیە کە دەبێت دەوڵەت دەســـتێوەردانی پۆزەتیڤ بکات بە ئامانجی پاراســـتنی تاکەکان لە هەر دەســـت درێژییەک، (گرین) پێیوایە نابێت ئازادی تەنها بە ئازادبوون لە کۆت و بەند یان زۆرداری لێکبدرێتەوە، بەڵکو ئازادی راســـتەقینە و پۆزەتیڤ ئەوەیە کە زۆرترین ڕێژەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە زۆرترین دەرفەت و توانا بەهرەمەندبن تا بتوانن باشـــترین ڕێگاکان بۆ ژیانی خۆیان هەڵبژێرن(کەمال، ٢٠٠٥، لا١١٥).

لە تیۆرەکەی (بەرلین)دا ئازادی پۆزەتیڤ چەند مانایەکی جیاوازی هەیە، هەر ئەم فرەمانایەش بووەتە هۆی ئەوەی لێڵی و تەمێک بەســەر تیۆرەکەیدا بکشــێت. ئەو مانایانەی (بەرلین) لە تیۆرەکەیدا بەبەر ئازادی پۆزەتیڤیاندا دەکات بریتین لە (ئۆتۆنۆمی تاکەکەس، کردەوە بەپێی عەقڵ و مافی بەشـداری لە دەســەڵاتی گشـتی) دا، بەگشـتی (بەرلین) دەربارەی ئازادی پۆزەتیڤ ڕایوایە کە مانای ئازادی پۆزەتیڤ هەڵقوڵاوی خواســـتی تاکە بۆ گەیشـــتن بە خۆسەری، خواستی من وەک تاک ئەوەیە کە لە بڕیار و کارەکانی ژیانم دا پشت بە ویست و ئیرادەی خۆم ببستم نەوەک ئەو هێز و دەسەڵاتانەی لە دەرەوەی ئیرادەی خۆمن، دەمەوێت ئامراز و کەرەستەیەک بم بۆ خواستەکانی خۆم، بۆ ویســـت و ئیرادەی خۆم، نەوەک ببمە ئامرازی جێبەجێکاری ئیرادەی ئەوانی تر، دەمەوێت نوێنەر و نمایندەبم نەوەک گوێ لەمشــت و ســەرلەقێن و بەڕێوەبەری خواســتی ئەوانی تر، بەپێی هۆشــیاری و درککردنی خۆم ڕەفتار و هەڵســـوکەوت بکەم نەوەک لەژێرکاریگەری ڕاوبۆچونی خەڵکیدا ڕایخۆم بگۆڕم یان شـــوێن باوەڕەکانی ئەوان بکەوم، دەمەوێت خۆم بڕیاربدەم نەوەک کەســـی تر و لە شـــوێنی ترەوە بۆم دیارییبکەن ئاخۆ چیبکەم و چینەکەم، دەمەوێت کەسێکی ئازاد و سەربەخۆبم نەک وەکو شتێک، ئاژەڵێک، یان کۆیلەیەک کە ناتوانێت دەور و ڕۆڵی مرۆڤانەی خۆی ببینێت، بەواتایەکی تر بتوانم ئامانجەکانی خۆم بۆ خۆم دیارییبکەم و هاوکات ڕێگا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

و شـێوازەكانی گەیشـتن بەو ئامانجانە و بەدەسـتهێنانیان دەسـتنیشـان بكەم و لە مێشـكی خۆم دا وێنایان بكەم، (بەرلین) دەڵێت ئەوە لانیكەم بەشێكە لە مانای عەقڵانی بوونی مرۆڤ(عبدالرحيم، ٢٠٠٩، ص١٣٦، و حسێن، ٢٠١٣، ل١٢٧).

ڕوانگەی (بەرلین) بۆ ئازادی، باسـكردنی ڕۆڵی عەقڵانیانەی تاكە، كە دەتواندرێت گەشـەی پێبدرێت لە چوارچێوەی دەستەبەری تاكی ئازاد دا كە خۆی بڕیار لەسەر خۆی بدات نەوەك بڕیارەكانی بەسەردا بسەپێندرێن، وێنایەكی عەقڵانی بە ئازادی و كاری ئازادانەی تاك دەدات كە تاك دەتوانێت لەڕوانگەی عەقڵانی بوونی خۆیەوە سـنوری ئازادی خۆی دیاری بكات و سـنورێک لەنێوان ئازادی خۆی و ئازادی ئەوانی تردا دەسـتنیشـان و دیاریبكات، ئەم مەفهوم و ماناپێدانەی ئازادی (ئازادی پۆزەتیڤ) جەخت دەكاتەوە لەسـەر عەقڵانیەتی مرۆڤ، ئەم عەقڵانی بوونە وائەكات كە لەدایكبوونی یاسـا ببەێتە بەرئەنجامی ئەم ئازادییە(ئازادی عەقڵانی-ئازادی پۆزەتیڤ)، لەڕوانگەی (بەرلین)ەوە ئازادی پۆزەتیڤ ئەركی دەوڵەتە(دەوڵەتی عەقڵانی-یان دامەزراو لەسـەر بنەمای ئازادی) كە بەڕێگەی یاسـا تایبەتمەندەكان تاكەكان پابەند و ڕەزامەند بكات(عبدالرحيم، ٢٠٠٩، ص١٣٧)، واتا تاكەكان بەبێ بەرەنگاری و زۆركردن خۆیان پابەندی یاسـاكان بن و ئەو پابەندبوونە بە ئامانجی پاراسـتنی بەرژەوەندییەكانی خۆیان بزانن و پێیانوابێت كە پابەندی یاسا بەمانای دەستبەرداربوونی ئازادییەكانیان نییە.

## تەوەرەی چوارەم: ئازادی تاک و تاكگەرایی

لیبڕالیزم بەپێچەوانەی تیۆرە و دیدگا و ڕێبازە كۆمەڵییەكانی وەک ماركسـیزم و نوخبەگەرایی، بنەمای تیۆرەكەی لەسـەر تاك و ماهیەت و ئازادییەكانی تاك بیناكردووە، بەڵام بەهۆی فراوانی و جیاوازی ماناكانی بەكـارهێنـانی لیبڕالیزم و ئەو قوتـابخـانە و ڕەوتە جیـاوازانەی لێیكەوتونەوە، وایـانكردووە كە زۆرێـک لە بەكارهێنانەكانی ئێسـتای لیبڕالیزم وەک ئەوەی (هایک) دەڵێت نەچنەوە سـەر مانای ڕەسـەنی وشـەكە و تەنانەت هەندێكجار و بەشـێک لە بەكارهێنانەكان بەریەكەوتنیشـیان لەگەڵ مانا سـەرەتاییەكانی لیبڕالیزم هەیە كە بریتییە لە ئازادی و كرانەوە(Hayek, 1990, p119). تـاكگەرایی و ئـازادی تـاك ڕیشـەیەكی مێژوویی هەیە و بنەمـای دیالۆگەكانی (سـوقرات) بریتییە لە تاك و ماهیەت و روئیای ئیندیڤیجوالیزم، هەروەها ڕەوت و ڕێبازێكی فەلسـەفی كۆنی یۆنان كە بە سـۆفسـتاییەكان ناسـراون، جەختی زۆریان لەسـەر ئازادی كردووەتەوە، فەیلەسـوفانی سۆفستایی(پرۆتاگۆراس، گۆرگیاس، هیپیاس، پرودیكس، ئەلكیداماس، ئانتی فۆن...هتد)، دیدگا و بۆچونیان لەهەمبەر تـاكگەرایی ئـازاد و بـاوەڕبەخۆبوو داڕشـتووە، دیـارترین بیرمەنـدی سـۆفسـتـایی (پرۆتـاگۆراس) لە ووتە بەنـاوبـانگەكەیدا (مرۆڤ پێوەری هەموو شـتەكانە)(میهرداد، ٢٠٠٩، ل٤٣)، بناغەی پتەوی تاكی ئازاد و خـاوەن ئیرادەی سـەربەخۆ دادەڕێژێت، (پرۆتاگۆراس) باوەڕی وایە كە ڕاستی و دروستی هەرشتێک بۆ هەر كەسێک هەر


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

ئەوەیە کە لە هزر و بۆچونی کەسەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش بەواتای بە سەنتەربوونی کەسەکە وەک تاک لە پرۆسەکەدا دێت.

لەگەڵ فراوانبوونی بنەماکانی لیبڕالیزم و بەوپێیەی تاکگەرایی ڕێبازێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و جەخت دەکاتەسەر فەزیلەت و جەوهەری شایستەیی مرۆڤ و سورەلەسەر جیاوازی مرۆڤ، لەو ڕوانگەیەوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی جیاواز و خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، بیری فەلسەفی تاکگەرایی لە ئەوروپا لەسەردەمی ڕێنسانس و دوای ڕیفۆرمی ئایینی بەشێوەیەکی ڕەگ داکوتراوتر و تۆکمەتر و پڕکاریگەرتر لە پێشوو و لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی پتەو سەریهەڵدا، و تاکگەرایی وەک پرسێکی گرنگی ئازادی لە کۆمەڵگادا وێناکرا، چونکە لە ڕوانگەی فەلسەفەی خۆرئاواوە هزری ئازادی پەیوەستە بە مەزهەبەکانی ئازادبوون کە بە هزری تاکگەرایی ناوزەدی دەکەن(دیوی، ١٩٥٥، ص٣٣). تاکگەرایی لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانیەوە تا ئەمڕۆ وەک سیمایەکی گرنگی بیری لیبڕالی ماوەتەوە، هەرچەندە ئەم چەمکە(تاکگەرایی) لە بیرمەندێکەوە بۆ بیرمەندێکی تر و لە کات و شوێنێکەوە بۆ کات و شوێنێکی تر گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام جەوهەری چەمکەکە و گرێدراوی چەمکەکە وەک یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی لیبڕالیزم و کرۆکی فەلسەفی ڕێبازی لیبڕالیزم ماوەتەوە(تارا، ٢٠١٤، لا٦٥)، و گۆڕانێکی ڕیشەیی وای بەسەردا نەهاتووە بە جۆرێک کە دوری بخاتەوە لە مەبەست و ناوەڕۆکی لیبڕالیزم و خواستە تاکگەراییەکەی.

تاکگەرایی وەک بنەمایەکی گرنگی لیبڕالیزم لەسەر دەستی (گرین)، بیرمەندی لیبڕالی و دیارترین بیریاری قوتابخانەی هیگلیزمی نوێ، گەشەی فراوانی بەخۆیەوە بینی، ئەویش بریتییە لە گوزارشتکردنی تاک لەناو کۆمەڵگادا، (گرین) ڕایوایە تاکەکەس کاتێک بوونی خۆی دەسەلمێنێت کە ڕۆڵی لەناو کۆمەڵگادا هەبێت(موسا، ٢٠١٠، لا٢٥٧)، مەبەستی گرین لە ڕۆڵی ناو کۆمەڵگا، دیاریکردنی پێگە و مەکانەتی تاکە لە پەیوەست بە ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و ڕەوتی ڕوداوەکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی.

پەیوەندی و پەیوەستی پتەوی تاک بە کۆمەڵگاوە لەلای بیرمەندی لیبڕالیزمی نوێ (جێرمی بێنتام)یش بەڕوونی ئاخاوتنی لەبارەوە کراوە، (بێنتام) پێیوایە کۆمەڵگا بێجگە لە کۆمەڵێک تاکی سەربەخۆی پێکەوە پەیوەست شتێکی تر نییە، ئەمەش لای (بێنتام) ئەوە دەگەیەنێت کە بەرژەوەندی کۆمەڵگا وەک گشت ناکرێت پێچەوانەی کۆی بەرژەوەندی ئەوانە بێت کە هەموویان پێکەوە کۆمەڵگا دروست دەکەن(مەبەست تاکەکانە)، هەربۆیە بە بۆچونی (بێنتام) لەکاتی بوونی کێشە و گرفت و ململانێ و ناکۆکی ئەوا پێویستە بەرژەوەندی و بەختەوەری زۆرینە بخرێتە پێش بەرژەوەندی ئەوانەی کەمینەن، و (بێنتام) ڕایوایە ئەمەش بەرهەمی پرۆسەیەکی حەتمییە بۆ بەڵگە نەویستی تاکەکەسی(موسا، ٢٠١٠، لا٢٥٩)، چونکە دواجار تاک کۆڵەگە و بناغەی لیبڕالیزم و ڕێبازەکەیەتی، بەڵام ئەم بۆچونە بەلای هەندێک لەبیرمەندانی لیبڕالیزمەوە خوێندنەوەیەکی تری بۆ دەکرێت و پێیانوایە کە ناکرێت



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دۆخی هاوڵاتی لە یەک ئاڕاستەدا کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگایە کورتبکرێتەوە بۆ ئاڕاستەی تر و بەرژەوەندی تر(فارلی، ٢٠٠٨، ص٢٠٨)، بەڵکو دۆخەکان و ئاڕاستەکان، لەگەڵ گۆڕانیاندا بەرژەوەندییەکانیش دەگۆڕن.

لە ڕوانگەی لیبرالیزمی هاوچەرخیشەوە تاکگەرایی هۆکاری گەشە و بنەمای سەرەکی لیبڕالیزمە کە هیچ جۆرە سازشکردن و دەستلێبەردانێکی جێگەی قبوڵکردن نییە، (هربرت هۆڤەر) بیرمەندی لیبڕالی هاوچەرخی ئەمریکی ڕوانگەیەکی گرنگی تاکگەرایی لیبڕالی دەخاتە ڕوو، (هۆڤەر) لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا دەڵێت: تاکگەرایی ئەمریکی لەسەرجەم بونیادە تاکگەراییەکانی تر باشترە، لەبەرئەوەی تاکگەرایی ئەمریکی لەسەر بنەمای بەها باڵاکانی دادپەروەری ئابوری و دادپەروەری سیاسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بیناکراوە، هەروەها لەم تاکگەراییەدا حکومەت ڕۆڵی دادگا دەبینێت، واتا دەزگایەکی بێلایەن(عبدالرضا و اخرون، بدون سنة الطبع، ص٢٤)، ئەمەش وەک جەختکردنێک لە دەستەبەری تاکگەرایی هاوپێچ لەگەڵ ئازادی نێگەتیڤ و دەستێوەرنەدانی دەوڵەت لە ئازادییە کەسییەکانی تاک.

## تەوەرەی پێنجەم: ئازادی ئیرادە

ئازادی بەو پێیەی پەیوەستە بە بوون و ماهیەتی مرۆڤەوە و لەکاتی بڕیاردان و هەڵبژاردنی ئەوەی دێتە بەردەمی یاخود دەخوازێت بێتە بەردەمی لە پەیوەست بە خواست و ویستی خۆیدا دەردەکەوێت، ئەوا دەتوانین بڵێین ئازادی ئەگە خودی ئیرادە نەبێت ئەوا بەدڵنیایی لەڕێگەی ئیرادەی ئازادەوە مرۆڤ دەتوانێت بوونی خۆی وەک کائینێکی زیندوو و ئازاد و خاوەن شکۆ بسەلمێنێت.

فەیلەسوف و دەروونناسی ئینگلیز(ولیەم جیمس) ئازادی مرۆیی لە ئازادی ئیرادەدا دەبینێت و پێیوایە یەکەم کاری پرشنگدار و لەپێشینەی ئازادی ئەوەیە کە باوەڕت بە ئازادی ئیرادە هەبێت(بولر، ١٩٧٨، ص٢٠٣)، (جیمس) ئەو ڕوانگەیەی ئازادی دەخاتەڕوو کە مرۆڤ بەرپرس و سەربەست دەکات لە کاروباری ژیانی دا، بەوپێیەی مرۆڤ تا ئازادنەبێت لە ئیرادەی بڕیاردان ئەوا ناتوانێت بوونی مرۆڤانەی خۆی بسەلمێنێت. (دۆجلاس)یش ئازادی لە ئیرادەدا دەبینێتەوە و پێیوایە ئازادی واتا پشت بەستن و ئیعتیمادکردنە سەرخۆت و بەرپرسیاریەتی، هەروەها ڕایوایە کە ئازادی و فەزیلەت لەسەر هەمان بنەمای هاوبەشن، ئەو بنەمایەش تەنیا یەک شتە، ئەویش نکۆڵیکردنە لە کۆیلایەتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و گەشەپێدانی لایەنی مەعنەوی تاکە(بولر، ١٩٧٨، ص١٣٠)، کە هەوێن و بونیادی سەرەکی ئیرادەی ئازادە، چونکە ئەگەر مرۆڤ لە دەروون و ناوەڕۆکەوە تێکشکابوو، ئەگەر ئینسان لە هەناوییەوە چەپێندرابوو و لە بەهای مرۆیی داماڵدرابوو، ئەوا ناتوانێت و تەنانەت ناشخوازێت یان درک ناکات ببێتە خاوەن ئیرادەی ئازادانەی خۆی، چونکە ئازادی ئیرادە واتا تاک سەرپشکە لە هەڵسوکەوتەکانی دا، و خاوەنی ئازادی ڕەهایە لە ئیرادە و هەڵبژاردنەکانی دا، و هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت دەستێوەردان لە ئیرادەیی و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

لەکارەکانی دا بکات(عبدالرحیم، ٢٠٠٩، ص١٢٣)، بۆیە هەر دەستێوەردان و سنورردانان و لەچوارچێوەدانێک دەبێتە هۆی کۆیلایەتی و ئیتر مانایەک بۆ ئازادی و ئیرادەی سەربەخۆ نامێنێتەوە.

ئازادی ئیرادەی تاک پەیوەندی پتەوی بە دیدگاکانی لیبڕالیزم بۆ بنەمای مافەکان هەیە، بەو وەسفەی مرۆڤ خاوەن بوونێکی عەقلانی و ئاگامەند و بەرپرسـیارە، بەڵام لەبەرئەوەی پەیوەسـتبوونی ئازادی بە مرۆڤەوە وەک بونیادێکی ئاڵۆز، کاریگەری لەسەر وەسف و پێناسەی ئازادی هەیە، بۆیە ئەم چەمکەش (ئیرادەی ئازاد یان ئازادی ئیرادە) کەوتووەتە ناو لێڵی و ناڕوونیەوە(بوعزة، ٢٠١٢، ص ص١٢٩-١٣٠). وێڕای ئەم ناڕوونیەی لە چەمکەکەدا هەیە ئەوا هەندێک لە بیرمەندانیش لەسـەر بنەمای باوەڕی ئایینی ڕەتیانکردووەتەوە، لەوانە فەیلەسـوفی هۆلەندی سەردەمی ڕۆشنگەری (بارۆخ ئیسپینۆزا) باوەڕی بە بوونی هێزێکی دەرەکییە کە کاریگەری لەسەر ژیان و ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە و ئاڕاسـتەی پرس و بابەتەکان دەکات لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ(عبدالرحیم، ٢٠٠٩، ص١٢٤). هەروەها (جۆناتان ئیدواردز) وەک بیرمەندێکی لیبڕالی مەسـیحی، ئازادی ئیرادە بەلایەوە جێگەی ڕەخنە و ڕەتکردنەوەیە، (ئیدواردز) هێرشـی توند دەکاتە سـەر ئازادی ئیرادە و وای دەبینێت کە ئێمە بێجگە لە تارمایی و سـەرابێک زیاتر نین لەبەردەم گەورەیی خوادا، ئێمە ناتوانین ببین بە هیچ بەبێ ویستی خودا، چونکە خودا هەموو شتێکە و گەورەتریشە لە هەموو شتێک، هەروەها (ئیدواردز) پێیوایە کە ناتوانین گومان لە ڕەهابوونی خودا بکەین، هەربۆیە مرۆڤ ناتوانێت سـەربکەوێت و باڵابکات بەبێ ئیرادەی خودا. لەم ڕوانگەوە (ئیدواردز) بانگەشـەی پاراستنی ئەو بنەما ئاینییانە دەکات لەهەمبەر مرۆڤەکان کە سەرجەمیان لاواز و ئەنانی و خۆپەرست و گەندەڵن و دەیانەوێت دژایەتی و بەربەرەکانی خودا بکەن(بولر، ١٩٧٨، ص٢)، کە باسـکردنی ئیرادەی ئازاد و بێڕۆڵکردنی خودا و خواستی خودا لە پرس و ڕووداوەکاندا وەک گەورەترین خۆپەرستی و تاوانباری مرۆڤ دەبینێت، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی بیرمەندانی تری لیبڕالیسـتە کە پێیانوایە یەکێک لە بنەما سـەرەکییەکانی لیبڕالیزم و تاکی عەقڵانی لیبڕال، بوونی ئیرادەی ئازادە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## باسی دووەم

## ئازادی لە هزری ڕامیاری (فردریک ڤۆن هایک) دا

ئازادی پێناسەیەکی بنەڕەتی و چەمکێکی پەیوەستی ناو مۆدێرنێتەیە و یەکێک لە ئەرکەکانی مۆدێرنێتە ئیشکردنە لەسەر بەرهەمهێنانی ئازادییەکانی تاک، کە بنەمای دروستبوونی هەر کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و گەشەکردووە، هاوکات کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی تری گرێدراوی ئازادی لە ئارادان و وایانکردووە ئازادی لەنێوان گەشەی کۆمەڵگا و بەرفراوانبوونی چەمکەکانی کە دەوریانداوە، لێڵ و ناڕۆشن بێت، بەڵام لەنێوان ئەو چەمک و دەستەواژانەدا (هایک) تەبەنی مانایەکی قوڵی چەمکی ئازادی دەکات لە دەستەواژەیەکی سادەدا، ئەویش گوزارشتە لە ئازادی بەوەی کە مرۆڤ ناچارنەکرێت بۆ ئیرادەی ئەوانی تر، واتا ملپێکەچنەکردنی تاک بۆ خواستی ئەوانی تر(feedo, 2018).

(هایک) ئازادی لەپەیوەست بە گۆڕان و گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا دەبینێت، و پێیوایە کۆمەڵگە کاتێک کاریگەری لەسەر ئازادی تاک هەیە ئەوا خۆیشی تەنیا بەهۆی گۆڕانی هزر و بیروبۆچونی تاکەکانەوە دەگۆڕێت، واتا سەرەتا ڕۆیشتن ڕووەو هۆشیاری لەڕێگەی ڕۆشنبیران و ئەدیبان و قوتابخانەکان و گفتوگۆی عەقڵانییەوە دەبێت(فیولنر، ٢٠١١). لەسەر بنەمای گەشەی عەقڵانی و ئازادی، (هایک) لەبەراوردی واتاکانی ئازادی دا وێنای سێ جۆر لە ئازادی دەکات (feedo, 2018)، ئەوانیش:

- یەکێک لە واتاکانی واتایەکی دیاریکراوە لە ناوەندی بڕیار و حکومەت و بەشداری تاک و پرۆسەی یاسادانان و کاروبایی کارگێری، (هایک) ئەم جۆرە لە ئازادی ناودەنێت ئازادی سیاسی.
- ئازادی لە واتایەکی تردا بریتییە لە ئاست و مەودای تواناکانی تاک بۆ گەیشتن بە خواستە کەسییەکانی، واتا ئەم جۆرە لە ئازادی پەیوەستە بە ئیرادەی تایبەتی تاکە کەسەوە، کە (هایک) بە ئازادی ناوەکی تاک ناوی دەبات.
- مانای سێیەمی ئازادی بریتییە لەو چوارچێوە مومکین و بەردەستەی کە تیایدا تاک بەدیلەکانی بەردەمی هەڵدەبژێرێت، ئەمەش ئازادی بە مانای توانایە.

لەڕوانگەی (هایک)ەوە مانای سێیەمی ئازادی خودی بابەت و مەرجی بنەڕەتی ئازادییە و بەبێ بوونی چوارچێوەیەکی مومکین بۆ دەستەبەری خواستەکانی تاک ئەوا جۆرەکانی تری ئازادی مانایەکی ئەوتۆ بۆ بوونیان نامێنێتەوە، لەم میانەوە و لەسێ تەوەرەدا ئەم بەشە تەرخانی شرۆڤەی چەمکی ئازادی دەکەین لە هزری (هایک)دا کە تیایدا پرسی دادپەروەری و ئازادی نێگەتیڤ و ئازادی کارو موڵکایەتی شەنوکەو دەکەین.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## تەوەرەی یەكەم: ئازادی یان دادپەروەری!

(لیبڕالیزمی كۆمەڵی یاخود یەكسانی خواز) دادپەروەری لە هاوسەنگی نێوان ئازادی ئابوری و یەكسانی كۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە، لەڕوانگەی لیبڕالیزمی كۆمەڵی-یەكسانی خوازەوە یەكسانی كۆمەڵایەتی بەشدارییەكی گرنگی هەیە لە ئاشتی كۆمەڵایەتی و دروستبوونی متمانە لەناوخۆی كۆمەڵگادا(دیانی، ٢٠١٤، ص ص٢٢-٢٣)، و ئەم متمانەیە بنەمایەكی سەرەكی چەسپاندنی دادپەروەرییە، بەو پێیەی دادپەروەری لەسەر ئەساسی متمانە دروست دەبێت، بەڵام (هایک) پێیوایە ئەم خەیالی هیوا خواستنە لەسەر دادپەروەری كۆمەڵایەتی بێخەوش، دوور یان نزیک وەهمەكەی دەردەكەوێ(Hayek, 1981, p170). جیاواز لە دیدی لیبڕالیزمی كۆمەڵایەتی، بیرمەند و كۆمەڵناسی پۆلەندی(زیگمۆند باومان) پێیوایە بوونی ئازادی وەک پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی جیاوازە لە بوونی تایبەتمەندی تایبەتی و سیفاتی جیاوازی نێوان تاكەكان كە خاوەن و هەڵگرین، چونكە تایبەتمەندی سیفات و متمانەیەكە كە جیاوازی لەنێوان تاكەكان دروست دەكات(باومان، ٢٠١٦، ص٢٣). لەڕوانگەی (باومان)ەوە پێویستە لەپێناو چەسپاندنی فرەیی و ڕێزگرتنی ئەو فرەیی و جیاوازییە، كۆمەڵگا لەئاستی پێكەوە گونجاوی لێبوردەییدا بێت، هەروەها (باومان) بوونی ئازادی وەک مەرجێكی پێویست بۆ دادپەروەری و كامڵ بوونی كۆمەڵایەتی دەبینێت لەپێناو دەستەبەر و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی(باومان، ٢٠١٦، ص٢٤).

لە پەیوەندی نێوان ئازادی و یەكسانی وەک بنەمایەک بۆ دادپەروەری بەر دوو ئاڕاستەی جیاوازی لیبڕالی دەكەوین، ئەوانیش ئاڕاستەی كۆمەڵایەتی كە دیارترین بیرمەندی ئەم ئاڕاستەیە بریتییە لە (جۆن ڕاولز)، و ئاڕاستەی لیبرتاری كە دیارترین بیرمەندانی بریتین لە (ڕۆبێرت نۆزیک) و (فردریک فۆن هایک).

ئاڕاستەی لیبڕالیزمی كۆمەڵایەتی لەسەر سێ پرەنسیپ وەستاوە لە پەیوەست بە ئازادی و دادپەروەری و یەكسانی و هاوبەرابەری لە دەرفەتی ڕەخساو، هەروەها نزیكبوونەوەی شێكاری ئابوری بۆ دووبارە دابەشكردنەوەی داهاتەكان لەناو كۆمەڵگادا، لەكۆتاییدا بونیادنانی دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر بنەمای هارمۆنیەتی كۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون(دیانی، ٢٠١٤، ص ص٢٤-٢٥).

**پرەنسیپی یەكەم**: سروشتی ئازادی و ئەندازە و ڕادەی پێوەپەیوەستی و ڕۆچونە ناخی كێشە و پرسە كۆمەڵایەتییەكان، ئەمەش جیاوازە لە ڕوانگەی نیولیبڕالی دڕندانە(متوحش) بۆ ئازادی، چونكە لێرەدا ئازادی لەسەر بنەمای توانا كەسیەكانە بە لەبەرچاوگرتنی یەكسانی كۆمەڵایەتی و هاوبەرابەری لە ڕەخساندنی دەرفەت، بەنمونە لە ڕوانگەی پرۆسەی پەروەردە و فێركردن و بەكارهێنانی باج بۆ ئەو كارە و هەوڵدان بە سودبینین لە باج بۆ خزمەتی پەروەردە و تەندروستی گشتی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**پرەنسیپی دووەم:** پەیوەستە بە بنەماكانی كێبركێی ئازادانە و یەكسانی كۆمەڵایەتی لە ڕوانگە و دونیابینی ئابوری سیاسیەوە، ئەم ئاراستەیە لە لیبرالی لەگەڵ جەختكردن لە ئازادی منافەسە و كێبركێ، هاوكات یەكسانی و دڵنیایی و پارێزگاری لە تاك وەك بنەمایەكی گرنگی ئازادی ئابوری دەبینێت، یەكێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی تیۆرەی دادپەروەری لە هزری لیبرالیزمی كۆمەڵایەتی دا بریتییە لە پرسی دابەشكردن و ڕێكخستنەوەی (داهاتە مادیەكان، كرێ، بنەما كۆمەڵایەتییەكا، دەرفەتی یەكسان، یەكسانی گەیشتن بە پلە و ئاستە كۆمەڵایەتیەكان بە لەبەرچاوگرتنی توانا و شیاوێتی) بەبێ پرسیاركردنی چۆنیەتی بەدەستهێنانی.

**پرەنسیپی سێیەم:** بریتییە لە ڕەهەندی یەكگرتویی و تێكەڵاوی كۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون, بەواتایەكی تر كێبڕكێی ئازاد و یەكسان لە ڕوانگەی تیۆری دادپەروەرییەوە بوونی نابێت بەبێ ئینديماج و تێكەڵاوبوونی كۆمەڵایەتی و بوونی ڕوانگەیەكی هاوبەش بۆ ژیانێكی هاوبەش.

بەڵام بیرمەندانی ئاراستەی لیبرتاری دوو ڕەخنەی سەرەكی ئاراستەی تیۆرەی (دادپەروەری لە هزری لیبرالیزمی كۆمەڵایەتی) دەكەن، ئەوانیش بریتین لە(دیانی، ٢٠١٤، ص٢٤):

•بیرمەندانی ئاراستەی لیبرتاری پێیانوایە تیۆرەی دادپەروەری بەو جۆرەی بیرمەندانی لیبرالیزمی كۆمەڵایەتی بانگەشەی بۆ دەكەن، ڕەوایەتی زیاتر دەدات بە دەستێوەردانی بەردەوامی دەوڵەت لە كاروباری تاكەكان. بە بۆچونی بیرمەندانی لیبرتاری بەتایبەت (هایک)، ئەم دیدگایەی كۆمەڵییەكان لە بنەمای سەرەكی هزری لیبرالی دوریان دەخاتەوە كە جەختكردنەوەیە لەسەر كەمكردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە كاروبار و هەڵسوكەوتی تاكەكان، بەڵام ڕوانگەی (لیبرالی كۆمەڵی) وەك ئەوەی (دیڤید هارڤی) ئاماژەی بۆ دەكات بریتییە لە هەوڵدان بۆ یەكسانی كۆمەڵایەتی كە ئامرازێكی گرنگی دەستەبەری دادپەروەری ئابوری و سیاسی و كەلتورییە(هارفی، ٢٠١٣، ص ص٢٧٨-٢٧٩).

•ئەم تیۆرە(لیبرالیزمی كۆمەڵایەتی) بەو جۆرە لە توانا و لێهاتویی تاك دەڕوانێت كە كۆمەڵ پێی بەخشیوە، نەوەک پەیوەست بێت بە لێهاتویی خۆی و لەهەناوی خۆیەوە هاتبێت، ئەمەش جارێكی تر تاك وەكو پاشكۆی كۆمەڵ دەبینێتەوە كە بەبێ كۆمەڵگا ناتوانێت بەردەوام بێت و پێداویستیەكانی دەستەبەر و فەراهەم بكات.

لەڕوانگەی (هایک)ەوە دادپەروەری پەیوەندیدار نییە بە پرەنسیپی میتافیزیكی یان ئەخلاقی وەك ئەوەی بیرمەندانی یۆنان بەتایبەت (ئەریستۆتالیس) باسی دەكات، ئەریستۆ تالیس دادپەروەری وەك پێدراوێكی میتافیزیكی دەبینێت كە مرۆڤ خۆكردانە و لەپەیوەست بە ماهیەتی بوونیەوە وەك ڕەهەندێكی ئەخلاقی لەگەڵیدایە و مامەڵەی دەكات(جبار، ٢٠٢١)، واتا دادپەروەری گرێدراوی بوون و سروشتی مرۆڤە نەوەک بەرهەمی گەشەی ژیاریی و پەروەردەیی بێت ــ بەڵام رۆڵی پەروەردە گەشەپێدانی ئەو سروشتەیەتی نەوەک بەدیهێنانی، هەروەها


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

پەیوەستیش نییە بە ڕێسا و یاسا دانراوەکانەوە وەک ئەوەی لیبڕالە کۆمەڵیەکان دەیخوازن و بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو کردەی دادپەروەرانە لە بەراورد بە کردەی ستەمگەرانەدا دەردەکەوێت، واتا بارودۆخەکان لە ڕوانگەی (هایک)ەوە دادگەرانە یاخود ستەمگەرانە دەبن لە ئەنجامی کاریگەری لەسەر ئیرادەی تاک و ئیختیاری ئەو ئیرادەیە لای تاک، و ئیرادەی هەمووان بنەمای سەرەکی کارە دادپەروەرانە و کاری ستەمگەرانەن، واتا بە هەبوونی (ئازادی ئیرادە) هەم دادپەروەری و هەمیش ستەم ئامادە دەبێت، و بە نەبوونی ئیرادەی ئازاد، ئەمانیش نابن(أبوحمزة، ٢٠٠٩).بەڵام تاکی لیبڕال تاکێکی هۆشیارە و ئەو ئیرادە ئازادەی هەڵگریەتی ناهێڵێت ببێتە هۆکاری ستەم، بەڵکو ئامرازی دادپەروەری دەیخاتە خزمەتی گشتی و گەشەی ژیان و پاراستنی ئازادی تاک.

## تەوەرەی دووەم: ڕوانگەی (هایک) بۆ ئازادی نێگەتیڤ

ئەو ڕوانگەیەی (بەرلین) بۆ ئازادی نێگەتیڤ هەیەتی، هەمان بنەمای پەرەسەندنی ئازادییە لای (هایک). ئازادی نێگەتیڤ وەک پێشتر ڕونمان کردەوە بەواتای دەستتێوەرنەدانی دەسەڵاتی دەوڵەتە لە ئازادی تاک و نەبوونی هیچ هێز و توندوتیژییەکی شەرعی و دەوڵەتی بەسەر ئازادیی خودیەکانی تاکەوە. پەیوەندی و پەیوەستی (هایک) بە ڕەهەندە نێگەتیڤی ئازادییەوە، گونجاو و یەکسانە بەو باوەڕە قوڵەی کە هەیەتی بە ئازادی هەمەکی خۆکردی(تلقائی) یان کردەی خۆیی مرۆیی بەبێ دەستتێوەردانی ئەوانی تر. (هایک) پێیوایە بوونی یاسا و ڕێسا گشتییەکان بۆ ڕەفتاری دادپەروەرانە بۆ سنوردارکردنی ئەوەی پێیدەڵێن فەوزای ئازادی، ئەوا بەو واتایە دێت ئەو یاسا و ڕێسا گشتیانە بنەڕەتی و بنەما نین، بەڵکو لێکەوتەی کاردانەوەی کار و ڕەفتارە خۆکردەکانن لەپێناو گونجاندنیان لەگەڵ واقعی باو، هەر لەم ڕوانگەیەوە (هایک)ئازادی پۆزەتیڤ ڕەتدەکاتەوە و باوەڕی بە ئازادی نێگەتیڤ بەهێز دەبێت(دیانی، ٢٠١٤، ص ص ١٢٧-١٢٨)، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە (هایک) فەوزای ئازادی قبوڵ بکات، نا بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو ئازادی بێسەرەوبەر ڕەتدەکاتەوە، و نەبوونی ڕێسا بۆ ڕێکخستنی کارەکانی مرۆڤ بە ئازادی هەمەجی و بێسەرەوبەر ناودەبات و پێیوایە ئازادی نێگەتیڤ پەیوەستە بە متمانەی یاساوە، واتا ڕوانگەی ڕەوتی لیبرتاری وەک بەشێکی بەرگریکاری ئازادی و مافەکان لەناو هزری لیبڕالیزم دا، بریتییە لە جەخت کردنەوە لە دەستتێوەرنەدان، واتا مافی تاکە کە لە دەستتێوەردانی دەسەڵات بپارێزرێت، بەڵام پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ماف و بەرپرسیاریەتیدا، مافی هەموو تاکێکە کە ڕێزی لێبگیرێت وەک تاک، ئەمە مافە، بەڵام ئەرکی سەرشانی هەرتاکێکە کە ڕێز لەمافی ئەوانی تربگرێت و هەستی هیچ کەسێک بریندار نەکات، ئەمەش بەرپرسیارییەتییە(کیملشکا، ٢٠١٠، ص٥٠٨)، واتا ڕاگرتنی باڵانسێک لەنێوان ماف و ئەرکدا، لەنێوان ئازادی و پابەندی بەیاساوە، لەو بنەمایەوە (هایک) پێیوایە ئازادی نێگەتیڤ ئەو دۆخەیە کە مرۆڤ پەیوەست نییە بە هیچ بڕیارێکەوە کە لە ئیرادەی ئەوانی ترەوە و خواستی تاک خۆی لەسەر نییە و ستەمکارانەیە، و پێیوایە ئازادی نێگەتیڤ جیاوازە لە دۆخی فەوزا و ناچێتە چوارچێوەی فەوزاوە، بەڵکو ئەوەیە کە مرۆڤ مەودای ئازادیەکانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

فراوانبێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لەسایەی یاسادا(عبدالرحیم، ٢٠٠٩، ص١٢٩)، بەڵام بەجۆرێک یاسا نەبێتە ئامرازی کۆت و بەندی ئازادییەکان و لەچوارچێوەدانیان و دەســـتێوەردان لە بایەتە تایبەتییەکانی تاکەکان، بەڵام (جێرمی شەیمور) بیرمەندی هاوچەرخ و سەر بە قوتابخانەی لیبڕالیزمی کلاسیک پێیوایە کە (هایک) لەم ڕوانگەوە لەگەڵ کێشەیەکی مەزن ڕووبەڕووە، چونکە ئێمە چی پێویستیمان بەوەیە بەو شێوازە نمونەییە دیدگاکانی ئازادی بخەینە ڕوو و کینە و بێزراویش دەربڕین لەهەمبەر گرنگیپێدانە ئەخلاقییەکانماندا، و لەبەر چی هۆکارێک ئەو ڕەونەقە (تشـــویق–fostered) بدەین بە بەڵگە و گفتوگۆکانی بەرگری لە ئازادی (shearmur,1996, p72)، لەکاتێکدا دەیان بەهای مۆڕاڵی مەزن و مرۆیی لەدەروەی ئەو گفتوگۆیانەی دەربارەی ئازادی، بوونیان هەیە و پێویستی ژیارییشن.

(هایک) لەســـەر بنەمای جیاوازی نێوان ئازادی پۆزەتیڤ و ئازادی نێگەتیڤ، باس لە دوو جۆر یاخود دوو تەرز(نمط)ی عەقڵانی دەکات، تەرزی یەکەم بریتییە لە عەقڵانیەتی بونیادی (العقلانية البنيوية– Rationalism Constructivist)، ئەم جۆرە لە عەقڵانیەت بەواتــای عەقڵانیەتی پلان و دووبــارە بینــاکردنەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکــان بە شـــێوەیەکی ســـیســـتەمــاتیکی، تەرزی دووەمی عەقڵانیەت بریتییە لە عەقڵانیەتی پەرەســـەندنی(العقلانية التطورية –Rationalism Evolutionary )، ئەم تەرزە لە عەقڵانیەت بەواتای نەبوونی دەســـتێوەردان، و ڕێگەدان بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشـــێوەیەکی ســـەربەخۆ و خۆکرد پرۆســـەی خۆتەواوکاری و خۆکامڵکردن ئەنجام بدەن(هونر، ٢٠١٨، ص٦٦). (هایک) لەم جیاکاریەدا مەبەستی ئەوەیە بڵێت کە عەقڵانیەتی بونیادی هەر ئەوەیە کە ئەم بە ئازادی پۆزەتیڤ ناوی دەبات، ئەو عەقڵانیەتەی جەخت دەکاتە ســـەر دەســتێوەردان و پلان دانانی عەقڵانی، هاوکات گەشــەکردنی خۆرســکی زەین و پەرەســەندنی هۆش و ئاگامەندی وەک بنەمای بونیادی گەشـەی کۆمەڵگا لەبەرچاو ناگرێت، کە تیایدا دەوڵەت دەستێوەردان لە کاروباری تاکەکان و بازاڕ و موڵکایەتی دا دەکات، و پێیوایە ئەوە هەمان ئەو ڕێگەیەیە کە دەمانباتەوە بەرەو کۆیلایەتی، بەڵام جۆری دووەمی عەقڵانیەت واتا عەقڵانیەتی تەواوکاری، ڕێگە دەدات کۆمەڵگا بەشێوەی سروشتی خۆی خۆی کامڵ بکات بەبێ دەســـتێوەردانی دەوڵەت، بەڕای (هایک) ئەم عەقڵانیەتە ئازادی تاک و ئازادی بازاڕ و ئابوری دەســـتەبەر دەکات کە بنەمای گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگان.

ئەوەی لە عەقڵانیەتی دووەم (عەقڵانیەتی تەواوکـاری)دا حوکم دەکـات بریتییە لە نەزمی خۆرســـک، کە مەبەســـت لە نەزمی خۆرســـک بریتییە لە گەشـــەکردنی کەلتوریی وەک بەرهەمی پرۆســـەی خۆکرد، دواجار لە درێژەی ئەم ڕەوتی گەشەکردنە خۆرسکەی بونیادەکاندا بەرژەوەندی ئەندامان دابین دەبێت، دواتر (هایک) بە سود وەرگرتن لەم تەرزە، دەڵێت سـیسـتەمی ئابوری سـیسـتەمێکی نادەسـتکردە و پەیڕەوی لە پرەنسـیپی هەڵبژاردنی سروشتی و گەشەکردنی خۆرسک دەکات، و هەرکاتێک دەوڵەت کۆنترۆڵی ئاڕاستەی ئابوری کرد و دەستێوەردانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

لەگەشــەی ئابوری و بازاڕدا کرد و بووە بەربەســت لەبەردەم گەشــەی خۆکردی ئابوری، ئەوا دەبێتە هەڕەشــە لەسـەر ئازادی ئابوری و ئازادی تاک، و ئەم زاڵبوون و هەڕەشـانی دەسـەڵاتیش هیچ پاسـاوێکیان نییە ( Hayek, 2006, p92)، هەروەها پێیوایە کە چەمکی نەزمی خۆرســـک پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ چەمکی بازاڕی ئازاد هەیە، و بازاڕ گرنگترین نمونەی ســیســتەمێکی خۆرســکە کە لەتوانا و ناســینی پەرش و بڵاوی تاکەکان کەڵک وەردەگرێت، هەروەها دەڵێت کە سیستەمی بازاڕ دابینکەری ئەو بابەتەیە کە سەرجەمی زانست و مەعریفەی لێرە و لەوێی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگیرێت، بازاڕ تاکە میتۆدێکە کە تیایدا بەبێ دەستێوەردانی زۆرەملێ و سەرسەرییانەی دەســەڵات، کار و چالاکییەکان لەگەڵ یەکتردا هەماهەنگ دەبن(کەمال، ٢٠٠٥، لالا١٠٢-١٠٣). ئەم وەســفە زۆرەی (هایک) بۆ بازاڕ و کردەی خۆکردانی ئابوری وەک بنەمای ئازادی دەیکات، دەرخەری ئەو باوەڕەیەتی کە ئازادی بازاڕ و کار و خاوەنداری، بنەما و هۆکاری ســـەرەکی گەشـــە و فراوانبوونی ئازادییە فەردییەکانە کە هزری لیبڕالیزمی لەسەر دامەزراوە کە لە تەوەرەی داهاتودا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین

## تەوەرەی سێیەم: ئازادی کار و موڵکایەتی

یەکێک لە ڕوانگە گرنگ و هەرە لە پێشینەکانی لیبڕالیزم بۆ ئازادی، ئازادی کارکردنە، ئەو دەستەواژەیەی کە بنەمای لیبڕالیزم پێکدەهێنێت(لێگەڕێ بڕوات، لێگەڕێ کاربکات – دعه یعمل دعه یمر)ە، واتا ئازادی کار جەوهەر و پایەی سـەرەکی تیۆری لیبڕالیزمە. (باومان) بەشـێکی گرنگ و سـەرەکی ئازادی لە ئازادی کارکردن دا دەبینێتەوە، (باومان) پێیوایە ڕێگری و بێبەشــکردنی تاک لەکار پێچەوانەی بنەمای ئازادییە(باومان، ٢٠١٦، ص١١٧)، کە هزری لیبڕالیزمی لەسەر بیناکراوە.

لەڕوانگەی (هایک)ەوە کاتێک مرۆڤ کاردەکات لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئەوا لەهەمان کاتدا ئەو کارکردنە لە بەرژەوەندی گشـــتیشـــدایە، چونکە بەدەســـتهێنانی بەرژەوەندی و چێژی تاک(هەرتاکێک بێت) پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکاری هەیە لەگەڵ سود و بەرژەوەندی گشتیدا، و هەموو تاکێک پێویستی بە ئەوانی تر هەیە و ئەوانی تریش پێویســـتیان بە ئەو هەیە(خالد، ٢٠٠٦، ص١٨). ئەم دیدگایەی (هایک) نزیکە یاخود دەکرێت بڵێین وەرگیراوە لە وتە بەناوبانگەکەی (ئەفلاتۆن) کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ناتق و کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت بەتەنیا و بەبێ ئەوانی تر بژی، هەروەها لە وتەکەی (ئەریســـتۆتالیس)یش نزیک، کە پێیوایە مرۆڤ نەوەک هەر بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو بونەوەرێکی ســـیاســـییە و ئەو کۆمەڵایەتیبوونەی ڕێکدەخات(جبار، ٢٠٢١)، لەم ڕێکخســـتنەدا شــێوازی ژیان بەو دەرئەنجامە دەگات کە بەرژەوەندی تاکەکان لێکگرێدراوی و هەماهەنگی لەنێوانیاندا دروســت دەبێت و کاتێک تاک بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت، ئەوا لەهەمان کاتدا کار و هەوڵەکەی دەبێتە هۆی بەدیهێنانی بەرژەوەندی ئەوانی تریش. (هایک) لە کتێبەکەیدا (ڕێگەیەک بەرەو کۆیلایەتی) لەڕێگای ڕەخنەکردنی دەســـتێوەردانەوە لەکار و موڵکایەتی، دەیەوێت ئەوە بســـەلمێنێت کە ئازادی بازاڕ و ئابوری بنەمای ســـەرەکی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

ئازادین، وەک دەڵێت بینیومانە کە لە ڕابردوودا تەفسیراتەکان بە گوزارشتی ئابوری نمونە باڵای سیاسەتی پێشوو بوون، ئەمەش لەتەک ئازادی و یەکسانی و ئاسایش دا(هایک، ١٩٩٤، ص١٩١)، واتا ئازادی ئابوری وەک ئامانجی سەرەکی سیاسەت هۆکارە بۆ دەستەبەری ئازادی و یەکسانی و ئاسایش و هەستکردنی تاک بە دڵنیایی، هەر لەم ڕوانگەیەوە دژی ئەزمونی یەکێتی سۆڤیەت بوو لە جێبەجێکردنی (ئابوری پلان بۆداڕێژراو)، چونکە ئەم سیستەمەی ئابوری لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی ئابوری ئازاد بوو و داوای دەستێوەردانی بەرفراوانی دەوڵەتی دەکرد لەبواری ئابوری دا(یسین، ٢٠٠٦)، هەروەها پێیوایە ئەو ڕژێمە سۆشیالیستیی وەکو شتێکی پیرۆز لە دیموکرتی بوونە سۆشیالیستیەکەی دەڕوانێت کە دواجر ئەم خۆپیرۆزکردنە ترسناکە و کارساتبارە(عبدالرضا و اخرون، بدون سنة الطبع، ص٢٥). وێڕای ئەم ڕەتکردنەوەیە (هایک) پێیوایە ئابوری ئازاد و موڵکایەتی تایبەت گرنگترین زەمانەتی ئازادین و هەر لەبەر ئەوەشە کە سۆشیلیستەکان دوژمنی ئازادین، (هایک) ئەم ڕوانگە سۆشیالیستییە بە ڕێگایەکی خێرا بۆ گەڕانەوە ڕووەو کۆیلایەتی دادەنێت(فیولنر، ٢٠١١). چونکە هەرکاتێک دەستێوەردان بووە خواستێکی ڕێپێدراوی دەسەڵات لە کاروباری بازاڕ و ئازادییە کەسییەکان، ئەوا سەرهەڵدانی کۆیلایەتی دەبێتە شتێکی حەتمی، و وەهم و خەیاڵی سیستماتیککردن و پانرێژی مەرکەزی کە خواستی باڵای دەسەڵاتە(Hayek,1957, p177)، هۆکاری سەرەکی ئەو بەرەوکۆیلایەتی ڕۆیشتنەی کۆمەڵگایە.

لە هزری (هایک) دا ئازادی موڵکایەتی و ئابوری لە دوو لایەنەوە شایانی گرنگیپێدانی زیاترە، لایەنی یەکەم لەڕووی ئەو پێگەیەوەیە کە لە پەیوەست بە سیستەمی خۆرسکدا هەیەتی و دەکرێت وەک بنەمای ناچەقبەستویی لێی بڕوانین(کەمال، ٢٠٠٥، ل١٣٤)، چونکە (هایک) زۆر جەخت لەسەر هەمەکیەتی دروستبوون و گەشەی خۆبەخۆی بێدەستێوەردانی بازاڕ و کۆمەڵگا دەکاتەوە، تەنانەت پێیوایە هزر و باوەڕەکانیش پەیڕەوی لە گەشەکردن و پەرەسەندنی خۆرسک دەکەنەوە، هەروەها بۆچونی وایە کە بونیادە کۆمەلایەتییەکان هەرچەندە لەڕێگەی کردەوەی مرۆڤەکانەوە لە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دا دروستبوون و سەریان هەڵداوە و گەشەیانکردووە و گۆڕاون، بەڵام بەرهەمی پلان و بەرنامەی هۆشیارانەی مرۆڤەکان نین، بەڵکو بە بۆچونی (هایک) دەستێکی شاراوە لەکاردایە لە پێکهاتنی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتیانەدا، کە (هایک) بە چەمکی نەزمی خۆرسک ناوی دەبات(حسێن، ٢٠١٣، ل١٠٣). لایەنی دووەمی گرنگیدان بە ئازادی موڵکداری لە ڕووی ئەو پەیوەندیەوەیە کە لەنێوان موڵکداری تایبەتی و ئازادی تاک دا هەیە(کەمال، ٢٠٠٥، ل١٣٤)، چونکە هەرکاتێک تاک لە پارێزراوی سامان و موڵکە تایبەتییەکەی دڵنیابوو ئەوا زیاتر هەست بە ئازادی و سەربەستی کەسی دەکات، ئەمەش ڕۆڵی زیاتری دەوڵەت بۆ پاراستنی موڵکداری تایبەت دەردەخات کە ڕێگرە لەبەردەم دەستدرێژی گروپ و تاکەکانی تر لە سامان و کار و موڵکی تایبەتی تاکەکان. بەڵام هەرکاتێک ئەندازەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە چوارچێوەی پاراستنی موڵداری تایبەتی دەرچوو، ئەوا نەک نابێتە پارێزەری موڵکایەتی تایبەت، بەڵکو وەکو هەڕەشەیەک دەبێت لەبەردەم ئازادی کار و ئازادی بازاڕ و خاوەندارییەتی تایبەتی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## دەرئەنجام

- ئازادی تەنیا چەمکێکی ڕووت نییە، بەڵکو پرسێکە فەلسەفی و هزرییە و پەیوەستە بە ماهیەت و بونیادی مرۆڤایەتی و لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی و ویستی کۆنترۆڵکردنی کەسانێک بۆ ئەوانی تر، هاتۆتە بەرباس و مشتومڕ لەسەرکردن. هزری لیبڕالی لە گرنگترین ئەو هزرانەیە کە دەربارەی ئازادی دواوە و تەنانەت بنەمای فەلسەفەی لیبڕالیزم هەر خودی ئازادییە.
- بیرمەندانی لیبڕالی لەسەر بنەمای دەستێوەردان یان بێلایەنی دەسەڵاتی دەوڵەت، ئازادی دابەشی دوو جۆر دەکەن، ئازادی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ. ئازادی پۆزەتیڤ داوای دەستێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەت لەپێناو ڕێکخستنی بازاڕ دەکات، بەڵام ئازادی نێگەتیڤ دژی دەستێوەردانی ستەمکارانەی دەسەڵاتی دەوڵەتە لە بازاڕ و ئابوری و ئازادییەکانی تاک دا.
- لیبڕالیزم ئازادی تاک پێش ئازادی کۆمەڵ و وەکو بنەمای سەرەکی دەبینێت، لەڕوانگەی هزری لیبڕالیەوە کۆمەڵگە هیچ نییە بێجگە لە کۆمەڵە تاکێک، بۆیە ئازادی تاک دواجار دەبێتە ئازادی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە، واتا ئازادی کۆمەڵگە لە ئازادی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت.
- لەڕوانگەی لیبڕالیزمەوە مرۆڤ ئەوکاتە ئازادە کە خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆی خۆی و ئیرادەیەکی ئازادبێت، هەرچەندە بیرمەندانی مەسیحی ئازادی ئیرادەی مرۆیی لەسەر ئەو بنەمایەی کە هیچ شتێک لەسەروی ئیرادەی خواوەنییە، ڕەتدەکەنەوە.
- (هایک) لەگەڵ جەختکردنەوەی تەواوی لە ئازادی، سەرجەم کارەکانی لە خزمەت فراوانکردنی ئازادی و بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانی دەسەڵاتی ئەوانی ترە لە ئازادی، و هەرجۆرە دەستێوەردانێک بە هۆکاری سەرهەڵدانی کۆیلایەتی لەقەڵەم دەدات. بەواتایەکی تر(هایک) ئازادی پۆزەتیڤ یان ئەوەی داوای دەستێوەردانی دەوڵەت بکرێت، بە بەڵایەکی گەورە دەبینێت و وەکو ڕێگایەک بەرەو کۆیلایەتی دەیبینێت.
- (هایک) هەرجۆرە قوربانیدانێک بەئازادی بە پاساوی دەستەبەری دادپەروەری، ڕەتدەکاتەوە و باوەڕیوایە کە بازاڕ و کۆمەڵگە لە ڕەوتی گەشەکردنی خۆکرددان و دادپەروەری واتا ئازادبوونی بازاڕ و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، کە خۆیان بنەمای گەشەی خۆیان دەستەبەر دەکەن، نەوەک لەڕێگەی دەستێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە گەشەکردنیان تێدابکرێت.
- ئازادی کار و موڵکایەتی و بازاڕ و ئاڵوێر لە گرنگترین بنەماکانی ئازادین لای (هایک)، و هەرجۆرە سنوردارکردنێکی ئازادی بازاڕ و ئابوری دواجار مانایەک بۆ بنەماکانی تری ئازادی ناهێڵێتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## فەرهەنگۆک

- ئایزیا بەرلین (Sir Isaiah Berlin– السیر أشعیا برلین) فەیلەسوفی بەریتانی، مامۆستای تیۆرەی کۆمەڵایەتی و سیاسەت لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، لە (١٩٠٩/٦/٦) لەدایکبووە و لە (١٩٩٧/١١/٥) کۆچی دوایی کردووە.
- تۆماس هێل گرین (Thomas Hill Green– توماس هیل غرین، والمعروف باسم: تي إتش غرین) رادیکالیست و فەیلەسوفی سیاسی بەریتانی، لە (١٨٣٦/٤/٧) لە دایک بووە و لە (١٨٨٢/٣/٢٦) کۆچی دوایی کردووە.
- جۆن ستیوارت میل (John Stuart Mill–جون ستیوارت مل) فەیلەسوفی ئینگلیزی، لە (١٨٠٦/٥/٢٠) لە لەندەن لەدایک بووە و لە (١٨٧٣/٥/٨) کۆچی دوایی کردووە، (جیمس میل)ی باوکی یەکێک لە بیرمەند و کەسانی ئاگامەندی سەردەمی خۆی بووە و هاوڕێیەکی نزیکی (جێرمی بێنتام)ی فەیلەسوف بووە. (جۆن ستیوارت میل) و (جێرمی بێنتام) بە دوو فەیلەسوفی لیبڕالیزمی نوێ ئەژمار دەکرێن، کە جەختی (میل) لەسەر ئازادییە و جەختی (بێنتام)یش لەسەر دەستەبەری چێژ و دووربوون لە ئازارە.
- جۆن کاڵدوێڵ هۆت ((John Caldwell Holt–جون کالدویل هوت) مامۆستا و پێشەنگی تیۆرەی مافی گەنجان لە ئەمریکا، لە (١٩٢٣/٤/١٤) لە نیۆرک لە دایک بووە و لە (١٩٨٥/٩/١٤) کۆچی دوایی کردووە.
- جۆن راولز(John Rawls–جون راولز) فەیلەسوف و بیرمەندی لیبڕالی ئەمریکی(١٩٢١-٢٠٠٢)، زیاتر وەک بیرمەندی بواری دادپەروەری ناسراوە، چونکە زۆرترین بۆچونکانی دەربارەی دادپەروەرییە، لەدیارترین نوسراوەکانی:(تیۆرەی دادپەروەری، دادپەروەری وەک ویژدان، لیبڕالیەی سیاسی).
- جێرمی بێنتام (Jeremy Bentham– جیریمي بنثام) فەیلەسوفی لیبڕالیزمی نوێ، ئینگلیزی زمان، لە نوسینەکانیدا زۆرترین جەخت لە دەستەبەری زۆرترین چێژ و بەختەوەری و دووربوون لەئازار بۆ تاکەکان دەکات، لە(١٧٤٨/٢/١٥) لەدایکبووە و لە (١٨٣٢/٦/٦) کۆچی دوایی کردوە، هاوڕێیەکی نزیکی باوکی (جۆن ستیوارت میل)ی فەیلەسوف بووە.
- رۆبێرت نۆزیک (Robert Nozick– روبرت نوزیک)فەیلەسوفی سیاسی لیبڕالی ئەمریکی و مامۆستای زانکۆی هارڤارد، لە (١٩٣٨/١١/١٦) لەدایکبووە و لە (٢٠٠٢/١/٢٣) کۆچی دوایی کردووە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

- ســـــپینۆزا (Baruch Spinoza-باروخ ســـــبینوزا)، فەیلەســـــوفی هۆڵەندی، یەکێک لە گرنگترین فەیلەســـــوفانی ســـــەدەی حەڤدەهەم، لە (١٦٣٢/١١/٢٤) لەدیاکبووە و لە (١٦٧٧/٢/٢١) کۆچی دوایی کردووە.
- فریدریک فۆن هایک (Friedrich August von Hayek-فريدريخ اوغوســـت فون هايك): ئابوری ناس و تیۆرسـێنی نەمسـایی، یەکێک لەدیارترین بیرمەندانی لیبڕالیزمی کلاسـیکی هاوچەرخ و ڕەوتی لیبرتـاری، لە (١٨٩٩/٥/٨) لە ڤیەننـا لە دایـک بووە و لە (١٩٩٢/٣/٢٣) لە فرایبۆرگ کۆچی دوایی کردووە.
- لیبرتاریانیزم(Libertarianism-الليبرتارية): لیبرتاری فەلســـەفەی ئازادیشـــی پێئەوترێت، بریتییە لە ڕەوت یاخود مەزهەبێکی لیبڕالی سـیاسـی لەسـەر بنەمای ئازادی، بیرمەندانی لیبرتاری داوای ئازادی تاک و نەهێشـــتن یاخود کەمکردنەوەی دەســـتێوەردانی دەوڵەت لە بازاڕ و کاروباری تاک دەکەن تا ئەوپەڕی ئـاســـــتی مومکین، لەدیـارترین بیرمەنـدانی ئەم ڕەوتە (فریـدریـک فۆن هـایـک و ڕۆبێرت نۆزیک)ن.
- لیبڕالی کۆمەڵی یاخود کۆمەڵایەتی(Social liberalism-الليبرالية الإجتماعية): ئەم ڕەوتەی لیبڕالیزم هەندێجار پێی دەگوترێت لیبڕالیزمی چەپ، یاخود لیبڕالیزمی یەکسـانیخوازی(الليبڕالية مسـاواتية)، کە بڕوایان بە دەستەبەری دادپەروەری و لانیکەمی یەکسانی نێوان تاکەکان هەیە، بەواتایەکی تر ئازادی نێگەتیڤ ڕەتدەکەنەوە و بڕوایان بە دەســتێوەردانی دەوڵەت لە ئازادیەکان هەیە لەپێناو دەســتەبەری دادپەروەری، لەدیارترین بیرمەندی ئەو ڕەوتە(جۆن راولز)ە.
- فریدریک دۆجلاس (Frederick Douglass- فريدريک دوغلاس)، نوســـــەر و ئابوری ناســـــی ئەمریکی، بەرگریکاری ئازادی و دژایەتیکاری سیستەمی کۆیلایەتی، لە (١٨١٨/٢/١٤) لەدایکبووە و لە (١٨٩٥/٢/٢٠)کۆچی دوایی کردووە.
- ویلیـام جیمس (William James- وليم جيمس) فەیلەســـــوف و دەروونـنـاســـــی ئەمریکی، لە (١٨٤٢/١/١١) لەدایکبووە و لە (١٩١٠/٨/٢٦)کۆچی دوایی کردووە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

# The Concept of Freedom in liberalism's Thought, for Instance: Friedrich .A. Von Hayek's Vision

**Jabar Ismael Ahmed**

Department of Political Science, College of Political Science, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** jabar.ahmed84@gmail.com

## Abstract:

Liberalism thus views the concept of freedom as a fundamental element of its intellectual foundation and without access to and defense of freedom, there is no meaning for the existence and survival of liberals .Due to the wide range of views of liberalism and the differences of opinion of liberal thinkers and different trends, attitudes and views on different freedoms, for example some of the thinkers believe in the interference of the state power in personal freedoms with the goal of creating social justice and economic justice and so on..., such as the thinkers of the Social liberal trend in the thought of liberalism, But some other thinkers believe in the protection of individual freedoms from interfering of the power of the state, and reject any form of interference in freedom, such as thinkers of the Libertarians trend in the thought of liberalism, including (Friedrich A. von Hayek).

These two views of liberalism are expressed in terms of freedom, as: positive freedom (when the state intervenes in freedoms), and negative freedom (that freedom is protected from the interference of state power). (Hayek) rejects positive freedom and believes that any interference in the freedom, economy, and property of individuals, commodities, and markets, leads to the deterioration of the security and stability of individuals on one hand, and the creation of an oppressive, tyrannical and dictatorial power or regime on the other hand. This condition becomes the cause and means of the departure of individuals and the coexistence of the living system to slavery.

**Keywords:** Freedom, Hayek, Liberalism, Libertarianism.

## سەرچاوەکان


کەمال پولادی( ٢٠٠٥) ، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، بەرگی سێیەم، و. ئازاد وەلەدبەگی و سیروان جبار زەندی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

جبار اسماعیل احمد(٢٠٢١)، مێژووی فەلسەفەی گریک، وانەی پێشکەشکراو لە بەشی فەلسەفە و توێژینەوە کولتورییەکان – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی، قۆناغی یەکەم، سیمیستەری یەکەم.

حسێن بەشیریە(دکتۆر) ( ٢٠١٣)، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، بەرگی دووەم، و. ناسر ابراهیم زادە، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

موسا ابراهیم(٢٠١٠)، فکری سیاسی خۆرئاوا لە ماکیاڤیلییەوە تا مارکس، و. شوان احمد، چ٣، سلێمانی.

میهرداد میهرین(٢٠٠٩)، قوتابخانە فەلسەفیەکان، و. سیدۆ داود علی، چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

تارا تەها عوسمان(دکتۆرە) (٢٠١٤)، ڕۆڵی تیۆری لیبراڵیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، گۆڤاری کەلتور، ژمارە(١٢)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران-ی ن ک، سلێمانی.

توفيق يوسف الواعي(الدکتور) (٢٠٠٧)، المسطلحات السياسية، شروق للنشر و التوزيع، ط٢، مصر.

هونر احمد كريم(٢٠١٨)، إشكالية تدخل الدولة فى فكر الليبرالى المعاصر، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية، السليمانية.

بول. ف. بولر(١٩٧٨)، الحرية و القدر فى فكر الامريكى، ت. اسماعيل كشميرى، مكتبة الانجلو المصرية، مصر.

جوت هولت(١٩٧٢)، الحرية و ماوراءها، ت. نظمى لوقا، دار المعارف، القاهرة.

جون ديوى(١٩٥٥)، الحرية و الثقافة، ت. امين مرسى قنديل، مطبعة التحزين، مصر.

خالد محمد خالد(٢٠٠٦)، أزمة الحرية فى عالمنا، دار المقطم، القاهرة.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

ديفيد هارفى(٢٠١٣)، الوجيز فى تاريخ النيوليبرالية، ت. وليد شحاتة، وزارة الثقافة السورية-الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق.

زكريا ابراهيم(الدكتور) (١٩٦٣)، مشكيلة الحرية، مكتبة مصير، ط٢، القاهرة.

زيغمونت باومان(٢٠١٦)، الحرية، ت. فريالحسن خليفة، مكتبة فكر جديد، بدون مكان الطبع.

ستانلى موريسون(٢٠١٢)، الحرية، الهيئة العامة القصور الثقافة، القاهرة.

ستيفن دى تانسى(٢٠١٣)، علم السياسية الاسس، ت. رشا جمال، الشبكة العربية للأبحاث و النشر، ط٢، بيروت.

الطيب بوعزة(٢٠١٢)، نقد الليبرالية، دار تنوير للنشر و الاعلام، القاهرة.

عبدالرحيم بن صمايل السلمى(الدكتور) (٢٠٠٩)، حقيقة الليبرالية و موقف الاسلام منها، مركز التاصيل للدراسات و البحوث، المملكة العربية السعودية-جدة.

عبدالله عروى(١٩٩٣)، مفهوم الحرية، المركز الثقافى العربى، ط٥، بيروت.

عبدالرضا حسين طعان(الدكتور)، عامر حسن فياض(الدكتور)، على عباس مراد(الدكتور)، حسام باقر غرباوى(الدكتور) (بدون سنة الطبع)، مدخل الى فكر السياسى الغربى الحديث و المعاصر، جزء الثانى، بغداد.

ف.ا.هايک(١٩٩٤)، الطريق الى العبودية، ت.محمد مصطفى غنيم، دار الشروق، القاهرة.

كولن فارلى(٢٠٠٨)، مقدمة فى النظرية السياسية المعاصرة، ت. محمد زاهي بشير المغيربي(الدكتور) و نجيب المحجوب الحصادى(الدكتور)، دار الكتب الوطنية، بنغازى-ليبيا.

مراد ديانى(٢٠١٤)، حرية-مساوات-اندماج الاجتماعى، المركز العربى للابحاث و دراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٤.

عبدالامير و أخرون(٢٠٠٩)، فلسفة الحرية، مركز دراسات الوحدة العربية، لبنان.

ويل كيملشكا(٢٠١٠)، مدخل الى الفلسفة السياسية المعاصرة، ت. منير الكشو، المركز الوطني للترجمة، تونس.

السيد يسين(٢٠٠٦)، التحول العظيم و الطريق الى العبودية، ٢٠٠٦/٥/٢٤، متاح على رارط التية: http://www.maaber.org/issue_may08/books_and_readings2.htm .

أبو حمزة(٢٠٠٩)، مفهوم (الحق و العدالة)، سايت: فيلو مغريب، ٢٠٠٩/٣/١٦، متاح على رابط الاتية: http://www.philomaghreb.com/bb/viewtopic.php?f=42&t=1256 .

موقع فيدو على شبكة الانترنت(٢٠١٨)، الحرية الفردية و تقدم المجتمع، ٢٠١٨/٤/٢٠، متاح على رابط الاتية: http://www.feedo.net/QualityOfLife/QualityOfLifeBasics/IndividualFreedomAndSocietyProgress.htm .

إدوين جيه. فيولنر(٢٠١١)، الحرية و الشمولية و فكر هايك، موقع الاتحاد على شبكة الانترنت، ٢٠١١/٢/٢٠، متاح على رابط الاتية: https://bit.ly/32qM1ut .

F.A.Hayek(1958), In dividualism and economic order, third impression, the university of Chicago press, Chicago.

F.A.Hayek(1981), Law legislation and liberty, V3, the university of Chicago press, Chicago.

F.A.Hayek(1990), New studies in philosophy, politics, economics and the history of ideas, second publish, Routledge, London and New york.

F.A.Hayek(2006), The road to serfdom, 5th publish, Routledge, London and New york.

Jeremy Shearmur(1996), Hayek and after-Hayekian liberalism as a research programme, Routledge, London and New York.

Mill, john Stuart,(2001), on liberty, batoche books, Ontario-canada.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021**